
به بیرکردنەوەی فراوانتر،
ژیانت فراوانتر بکە!
کۆکراوەی بەشێک لە نووسنیەکانی:
ڕەوا احسان

بسم الله الرحمن الرحيم.

ئێمەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە، لەم ماوە کەمەی سوڕی ژیانمان، تووشی ڕووداو گەلێک ئەبینەوە!

بەرز و نزمییەکی یەکجار زۆر دێنە سەڕ ڕێمان.

باری ژیانمان لە گۆڕاندایە. جاری وایە تووشی ناخۆشی ئەبین، جاری واشە تووشی خۆشی. بۆیە کە ئێمە هەر ژیان دەکەین، ئەی بۆچی بە هۆشیارییەوە نەیگوزەرێنین؟ بۆچی ئێمە وەک زۆربەی زۆرەکان، لە بەنگیدا بژین؟! دەی با ئێمە جیاوازبین، با ئێمە فراوان بیرکەینەوە، تا ژیانمان فراوانتر بێت لەوانی دی، با ئێمە جیاواز بین.

ئەم کتێبەم، کۆکراوەی بەشێک لە نووسینەکانی یەک ساڵی منە. نووسینەکانی نێوی، زیاتر لەسەر بابەتەکانی؛ هۆشداری، کۆمەڵایەتی دەسوڕێتەوە.

هیوام وایە کە بتوانم سوودێک بگەیەنم و، کاریگەریەکی ئەرێنیم هەبێ لەسەر خوێنەران.

چون ئێمە لەخۆڕا ئاوها درووسنەکراوین، کە تەنها بخۆین و بخەوین! وە هیچ سوودێکمان لەبۆ دەورووبەر نەبێت. هیچ جیاوازیک دروست نەکەین، وە هەروەها شوێنەوارێکی ئەرێنی جێنەهێڵین! پێویستە هەر یەکێک لەخۆیەوە دەست پێبکات، پاشان بازنەکەی فراوانتر بکاتەوە و شەپۆلی زیاتر بنێرێت! تاوەکو بتوانین سوودێکی فرەتر بگەیەنین و جیاوازییەک بئافرێنین.

زۆر سوپاس.

ناوی کتێب: کۆکراوەی بەشێک لە نوسینەکانی ڕەوا احسان

نوسینی :-ڕەوا احسان

بابەت: هۆشیاری

ساڵی :٢٠٢٠

بەرگی کتێب : عمر دەلۆ

## مشتوومڕێک، لە شەوێکی زستاندا

لە یەکێک لە شەوەکانی سەختی زستاندا ، کاتێک کە هەورەکان بە کۆمەڵ یەکیان گرتبوو و ، سامالّی ئاسمانیان داپۆشیبوو ، پیاسەم دەکرد.

لەناکاو گوێم لە مشتومڕێک بوو ، نزیک بوومەوە کاتێکم زانی گوڵەبەڕۆژە فرۆشێکی سەر شۆستە و ، پیاوێکی بەتەواوەتی ڕووت ، لەناوەڕاستی شەقامەکە دەمەقالّێیانە.

گوڵەبەڕۆژە فرۆشەکە گووتی: خۆ شیت نیت! بۆچی ئاوها خۆت ڕووت کردۆتەوە؟ ، پۆلیس بتگرێت دەتباتە زیندان کوڕە..!!

پیاوە تەواو ڕووتەکەش ، بەدەم قاقایەکەوە وتی: زیندانی چی؟ ، ئەو زیندانەی ئێوە لێی تۆقیون! زۆر لەم بەناو هەوای ئازادی دەرەوەیەی ئێوە بێ کێشەترە..!!

کوڕی باش؛

لەو زیندانەدا هیچ نەبێ هەر ٣ ژەمەکە من تێر ئەکەن ، خۆ من لێرە هەتاوەکو ٣ ژەم تێر بم ، دەبێ ٥ ژەم بەتەواوی کاری بۆ بکەم..!

لەو زیندانەدا بەس نیە بە ئاسوودەیی دەخەوم و ، بە ئاسوودەیش هەڵدەستم.

خۆ من لێرە؛

شەوان هەتا کوچەیەک دەدۆزمەوە ، قیرەکە دەبێ بە شیر..!

هەندێ جاریش لە شیرینی خەودا ، لەبەر ناڵە ناڵی خۆم ، لەتاو ئازاری جەستەی شکاو و ، ماندووی ڕۆژم خەبەرم ئەبێتەوە..!

ئێستا کوڕی باوکی خۆت ، وەرە وەڵامم بدەوە.

بەڕای تۆ ، لە زیندان خزمەتی زیندانیان ئەکرێت؟ ، یان ئەم هەوای ئازادیەیی دەرەوە خوێڕیە..؟

تاکە هیوایەک کە هەمبێت بەهەشتە ،

ئەویش نازانم پێی دەگەم یاخوود نا؟

بەڵام دەی ، بەهیوای ئەوەی پێی بگەم..!!

❊❊❊❊

## ئاگات لە وشە جادوویە ڕەشەکانت بێت

جلکێکی ناوازەیی پۆشیوە،بە ڕووخسارێکی گەش و بزەیەکی سەر لێو و دڵێکی پڕ لە خۆشیەوە دەردەچێ لەماڵ و خودا حافیزی لە ماڵەوە دەکات، دواتر بەڕێدەکەوێت بۆ مۆڵێک،لەڕێگادا هەزاران بیرکردنەوە دێت و دەڕۆن وەک ترۆمبێلەکان بەسەر شەقامێکی گشتیەوە...

هەر دەڕوا دەڕوا لەگەڵ بیرکردنەوەکانیدا ، ئێستا گەشتۆتە مۆڵەکە،گەدەی زەنگی برسێتی لێدەدا،بیردەکاتەوە دەڵێت با بڕۆمە کافێیەکەوە هەندێک بخۆم و پاشان پیاسەیەکی نێو مۆڵەکە بکەم.

کافێکەیی دۆزییەوە ،لەسەر مێزێکی تاکەکەسی دانیشت و بانگی گارسۆنی کرد و ئەوەی دڵی ویستی داوای کرد، پاشان وردە وردە خەڵک ڕووی دەکردە مۆڵەکە و کافێکە ، هەر لەو کاتەدا یەکێکی لێ هەڵکەوت و گووتی: ئەوە بەهەموو ئەقڵتەوە ئەو جلەت لەبەر کردووە..!؟

یەکێکی تریش لەوێدا تێپەڕی وتی: سیمایی کافێکەت تێکیاوە بەو دەمووچاوە نابووتەت..!!

یەکێکی کەش بەچاوێکی جیاوازەوە سەیری دەکرد..!!

ئیتر بیرکردنەوە نەرێنیەکان باڵیان کێشا بەسەر ئەقڵ و هزریدا ، ئەسڵەن هەر بیری لای گەدە برسیەکەیی نەما،خێرا پارەکەی لەسەر مێزەکە دانا و ڕۆشتت..!!

ڕۆشتنێک کە هەموو بیرکردنەوە ئەرێنیەکان و ڕوخسارە گەشەکەیی و خەندەیی سەر لێوانی ،دڵە سادە و خۆشەکەی لەناوچوو...!!

تەواو ئیتر کوڕە لەنێو ژوورە تاریکەکەیی ڕۆژ و شەوی دەکردەوە، تەنانەت لەو ژوورەیدا تیشکێکی خۆر نەدەهاتە نێو ژوورەکەو ڕووناکیەک ببەخشێت بەو ژوورە تاریکە، کە پڕی بوو لە ئازار،بێ هیوایی،تەنیایی ،ڕووخان،شەکەتی،بێ ورەیی،بیرکردنەوە نەرێنیەکان..!!

وە هەروەها لە گۆشەیەکی بچووکی ژوورەکەیی نووسیبووی

"ئاهـ کەی ئەو کاتە دێت،جەستەم وەک هەستەکانم دەمرێت"

تکایە ئاگاداری ئەو وشانەبن کە دێتەو دەرەوە لێتان..!!

ئەمە چیرۆکی زۆرێکە هەر یەکەو بەشێوەیەکی جیاواز کە هەمان سینارۆیان بەسەردا هاتووە.

❋❋❋❋

## تەنها نیگایەک ،زۆری فێر کردم..

تەنها نیگایەک ، زۆری فێرکردم.

بەیانیەکی زوو بوو ، بەڕێوەبووم بەرەو ئامادەیی ، تاوەکو ئەو ڕۆژەش وەک ڕۆژەکانی دی لە کۆڵبکەمەوە.

لەناکاو چاوە نەدیتکەکەم؛ سەرنجیان بەرەو لای کیژێک چوو.

ئاهـ چ کیژێک ، لێوان لێو لە جوانی ، ئەو لە بوونەوەری ئەم خاکەی نەدەکرد.

ئەو تەنانەت چاوەکانی دەدوان و دەیانوت: "ئێمە مەستترینین".

ڕومەتەکانی دەهاتنە گۆو دەیانگوت: "بەڵێ ئێمە جوانترینین".

لێوەکانیشی هاواریان دەکرد و دەیانگوت: "ئێمە ئاڵترینین".

ئایی چ دیمەنێکی سەرسامکەر بوو. بەڵام مخابن دەرەنجامی ئەم تێڕوانینە؛ "ئاشق"بوون بوو..

من دێوانە بووم ، ڕۆژ بە ڕۆژ و شەو بە شەو زیاتر ئەو دیمەنە لە مێشکم دەچەسپا ، بەبەردەوام لە خەیاڵمدا بوو. ژاوەژاوێکی زۆر لە مێشکمدا هەبوون.

تەنانەت هەستەکانم دەدوان ، هەرگیز پێشووتر گوێم لە دەنگی ئاوها نەبووبوو..

هەستێکم دەیوت: هەتیو بۆوات لەخۆت کردووە؟ تازە ئاشق بووی بڕۆ پێی بڵێ.

هەستێکی تر دەیگوت: بەڵێ تۆ هۆگری بووی ، بەداخەوە ئەوە ڕاستیەکەیە.

هەستێکی تریش دەدوا و دەیوت: باشە تۆچۆن بەرگە دەگری! هەموو ڕۆژ لە ئامادەیی دەیبینی ، هەر بەڕاست چۆن خوێندنت پێ دەکرێ؟

مێشکم تەواو تەواو ماندووبوو ، لە بەرگەگرتنی پەستانی بۆڵەبۆڵی هەستەکانم. دوای ماوەیەک لە لاڵ بوون و ، گوێڕاگرتن لە هەستەکانم ، هاتمەوە هۆش خۆم.

گوتم هەر بەڕاست ئەمە منم؟ ئاوها شێواو و شپرز و دێوانم؟

نابێ ئاوها بمێنم! سبەی دەڕۆم هەموو هەستەکانی خۆمی بۆ دەڕئەبڕم ، ئامانجیشم ئەوەیە ڕزگارم بێت لە شێواوییە ، ئیدی ئەنجام هەر چۆنێک بێت با ببێت..!!

شەوە زەنگە و پێویستە بنووم ، بەڵام ئەم دڵەڕاوکێیە ناهڵێت ئاخر چۆن بنووم لەکاتێکدا؛ دڵم بە ئەندازەی خێرای دڵە چکۆلەیەکی چۆلەیەک لێدەدات.

بیرکردنەوەکانی مێشکم؛ وەک قەرەباڵخی شەقامێکی

شاری تۆکیۆ قاڵە قاڵی تێکەوتووە.بەهەرحاڵ ئاوها نابێت تێدەپەڕێت ، پێویستە بنووم..

بەم سپێدەیە هەستاوم لەخەو ، بڕۆم دەموچاوم بشۆم و ، پارووییەک بخۆم و خۆم ڕێکبخەم و ، بەڕێکەوم بەرەو ئامادەیی.

ئێستا من لە ئامادەییم ، وانەی یەکەم و دووەم تەواو بووە ، ئێستا دەسپێکی وانەی سێهەمە کە وانەی هونەر و ، بۆ منیش هەلێکی باشە تاوەکو هەستەکانم بەرامبەری بۆی دەربڕم.

بە شڵەژاویەکەوە چوومە پێشی و پێیم وت: سلاو ، لەسەر بابەتێکی نهێنی و گرنگ پێویستە قسە بکەین پێکەوە گەر ئاسایی بێت.

بە دەنگە ناسک و سەرسامکەرەکەی لە گوێدا؛ وەڵامی دایەوەو گوتی: سلاو لە تۆش ، ئاسایە بفەرمن.

هەناسەیەکی قوڵم هەڵکێشاو گوتم: ماوەیەکی زۆرە ئاڵوودەی تۆم ، بە شەو و ڕۆژ لەخەیاڵی مندا هاتووچۆ دەکەی ، نامەوێ زۆر بڵێم بەکورتی عاشقی تۆم. تکایە وەڵامێک..

بە بزیەکەوە وتی:ئێستا ناتوانم هیچ بڵێم ، دواتر..

ئەو قسەیەیی زۆر دڵخۆشی کردم و کەمێک هێوری کردمەوە ، بەڵام دەزانن دواتر چی ڕوویدا..؟

بەڵێ؛

ئەو دواتر لەنێو هەموو ئامادەییەکە ئابڕووی بردم ، دەیان قسەی بۆ هەڵواسیم ، چەنەها بوهتانی لەبۆ کردم.

دەڕۆشتمە هەر کوچەیەکی ئامادەییەکەوە؛

ئابڕووبەرێک لە من پەیدا دەبوو و ، هەزاران قسەی پێ دەکردم..

بەهەرحاڵ تێپەڕی..

لە کۆتاییدا بۆم دەرکەوت مەرج نیە ئەوەی جوان بێت ناخیشی جوانە.

بۆیە هەموو بەیانیانێک؛ کە بەرەو ئامادەیی دەڕۆم و ، ئەو دەبینم؛ لەبەر خۆمەوە ئەو گۆرانیەیەیی هونەرمەند کەمال محمد دەڵێمەوە کە ئەڵێت: "وام ئەزانی هەرکەس جوانبێت ، ناخیشی جوانە..!!

****

## کەوتن و کەوتن ، دواتر سەرکەوتن

بەیانییەکی زوو بوو ، لەماڵی هاوڕێیەکمدا بووم.

خەریک کایە کردن بووین، دوای ئەوەی کەمێک کایەمان کرد؛ گەدەمان زەنگی برسێتی لێدا و برسیمان بوو.

گەڕاین و گەڕاین، لە نهۆمی یەکەم هیچمان دەسەنەکەوت. هەر بۆیە

دەبوو بگەشتینایە بە نهۆمی دووەم،خواردنەکان لەوێ بوون و زۆرمان برسی بوو.

ئێمەش تازە پێمان گرتبوو، پەیژەکانیش گەلێ ئەستوور و بەرز بوون، بەڵام ناچاربووین بەسەریدا بڕۆین ، من و هاوپۆلێکم بەسەر پەیژەکاندا سەردەکەوتین، هەتاوەکو سێ

پەیژەمان دەبڕی دوو جار دەکەوتین، لە دوای دوو سێ جار کەوتن؛ من و هاوپۆلەکەم دەستمان کرد بە گریان لەتاو ئازاری جەستەمان، چون زۆر کەوتین و ئەزێتمان پێگەشت.

گریان و ئازاری هاوپۆلەکەم، وای کرد کە دەست هەڵگرێت و وازبهێنێت لە هەوڵدان. گریان و ئازارەکەی منیش وای کرد کە زیاتر هەوڵبەم ،هەر هەوڵم داو و هەوڵم دا، دوای دوو سێ جار کەوتنی تر، سەرەنجام گەشتمە نهۆمی دووەم و خواردنەکەم دەسکەوت و تێربووم ئەو ژەمە.هاوپۆلەکەشم تا ئێوارە گریاو و بە برسێتی مایەوە...

لێرەوە بۆم دەرکەوت کە:

سەرکەوتنەکان،کەوتن و ئازاریان زۆر تێدایە،هەربۆیە دەبێت بەرەنگاریان بینیوە و چۆک دانەدەین...

****

## ویستت هەبێ- بڕیاڕبدە- دەستپێبکە- بەردەوامبە

ویستت هەبێ-بڕیاربدە-دەستپێبکە-بەردەوامبە.

لە پۆلی ٨ دابووم، نزیک لە تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەم بوو، نمرەی ڕۆژانە و تاقیکردنەوەکانی ٢٠م زۆر باشبوون.

ڕۆژێک لە قوتابخانە هاتمەوە، لەناکاو هەواڵێکیان پێم گەیاند، ئەویش ئەوەبوو کە دەبێت گەشتێکی زۆر گرنگ بکەم. ئەوە سەیر بوو کاتی گەشتەکە ڕێک لە ئەو ڕۆژانەیا بوو، کەمن دەبوایە تاقیکردنەوەی وەرزی یەکەمم کردبا لەسەر ٥٠ نمرە.

زۆرێک هەوڵمان دا، تاوەکو تاقیکردنەوەکانم بۆ دوابخەن و لە کاتێکی تر پێمی بکەنەوە، بەڵام نەکرا..

سەرەنجام گەشتەکەمان کرد و منیش ٨ تاقیکردنەوەم لەدەسداو و ٧ وانە کەوتم لە وەرزی یەکەم،لەکۆی ١٠ وانەدا..

کاتێک لە گەشتەکە هاتمەوە و دووبارە گەڕامەوە قوتابخانە، بۆ دەسپێکردنەوەی خوێندن لە وەرزی دووەم. ویستێکم هەبوو ئەوەبوو کە بتوانم هەموو وانەکان چاکبکەمەوە.

دوای ئەوە؛ بڕیارم دا کە دەبێت هەر ٧ وانەکە کە کەوتبووم چاکی بکەمەوە.

پاشان دەستم پێکرد، رۆژانە زۆر زۆر خۆم هیلاک دەکرد، تاوەکو بتوانم سەرکەوتووبم و نەکەومە خوولی دووەم. هەر بەردەوام بووم ، بەردەوام بووم.

سەرەنجام، لە ڕۆژی وەرگرتنی ئەنجامەکان؛ توانیم هەر ٧ وانەکە ڕاست بکەمەوە و دەربچم بۆ پۆلی ٩..

بەڵێ، کاتێک ویستت هەبوو، پاشان بڕیارت دا، دواتر دەستتپێکرد، ئینجا بەردەوام بوویت؛ ئەوەی ئەتەوێ بەدەستی ئەهێنیت..!!

****

## پشیلەیەکی ئەم وڵاتە

ئێستا گەر پشیلەیەکی ئەم وڵاتە بدوێنی،

دەڵێت:

لێرە ژیانی من گەلێ ناسەقامگیرە، هەمیشە هەست بە ترسێک دەکەم. هەر لەو کاتەی من دێمە بوون؛ دایکم ڕووخساری شێواویەکی پێوە دیارە، جەستەی جێگەی دوو نەعل و سێ کلکە ماسیحەی تێدا دەرکەوتووە.

کاتێک کە دایکم دەڕوات خواردنێکمان بۆ پەیدا بکات، هەمیشە دەڵێت:گەر نەهاتمەوە، ئەوا بزانن لەلایەن دڕندەکانەوە ڕاوکراوم بەبێ هۆ.

کاتێک کە کەمێک گەورەدەبم و تێکەڵ دەبم، هەمیشە لەلایەن مرۆڤەکانەوە بانگ دەکرێم بە"بێ وەفا و سفڵە".

ئاخر پێم بڵێن چ وەفایەکم بۆ ئێوە هەبێ، چۆن متمانەتان پێ بکەن..؟

کاتێک بە کۆڵانە نەفرەتیەکانی وڵاتدا دەگەڕێم بۆ ١٠٠ غرام گۆشت، ئێوە نەعلەکانتان تێم دەگرن، کلکە ماسیحەکانتان بەسەر سەرما دەشکێننەوە، کلکم دەگرن و بە ئارەزووی خۆتان یاریم پێ دەکەن، بریندارم دەکەن و فرێم دەدەنە سرکەوانەکان، بە ئۆتۆمبێلێک پانم دەکەنەوە و بەچکەکانم بێ دایک و سەرگەردان دەکەن.

کاتێکیش دەڕۆمە جێگەیەکەوە لانەیەکی باڵندەکان بەدی دەکەم و ڕاویان دەکەم، دواتر کە دەمدۆزنەوە سەرم دەبڕن و دەمکوژن.

دەی گەر تۆ ڕۆژانە نانم پێ بدەیت، من چ مەجبورم کۆترێک و دوو مریشکت ڕاوکەم. دەی منیش هەست و جەستەم هەیە و برسیم دەبێ، دەڵێن خودا نانت دەدا، دەی ئێوەش هۆییەکن بۆ ناندانی من، ئێوەش دروسکراوی خودان، ئەی بۆ چی نانم نادەن..؟

من بچووکم و ئێوە گەورەن، ئێوە دەسەڵاتان زیاترە، هێزتان بەهێزترە، ئێوە دەستان گرتووە بەسەر زەویدا، دەی ئێمەش بەشێکین لەم زەویە، تکایە ئاگادارمان بن ، با ئاسوودە بژین..

❇❇❇❇

## گەنجی بەسوود و بێ سوود

چۆن گەنجی بەنرخ و کاریگەر ، لەگەڵ گەنجی بێ سوود جیابکەینەوە؟

گەنجانی کاریگەر و بەسوود ؛

کێبڕکێ لەگەڵ یەکدیدا ئەکەن ، لەوەی کێ باشترین ڕاپۆرت ئامادە بکات ، کێ زۆرترین زمان بزانێت ، کێ لە هەموان پترتر بەدوای زانستدا بگەڕێت ، کێ بەشداری لە کۆڕ و سیمیناری زێدەتر بکات ، کێ بەبەردوامی خەریکی خوێندنەوە و وەرزش و هونەر بێت..

گەنجانی بێ سوود ؛

کێبڕکێ لەگەڵ یەکیدیدا دەکەن ، لەوەی کێ زۆرترین کەپڵی هەبێ ، کێ زۆرترین هاوڕێی کچی هەبێ(ئەگەر کوڕبێت) ، کێ زورترین هاوڕێی کوڕی هەبێت(ئەگەر کچ بێت).

کێ لە هەموان زیاتر لە کافتریا بێت و ، خەریکی نێرگەلە و ماددە بێهۆشکەرەکان بێت ، کێ لە هەموان زیاتر لە ئاهەنگ وچێشتخانەکان بێت.

کێ بەبەردەوام خەریکی نامە گۆڕینەوە و ، قسە هێنان و قسە بردن بێت..

جا بۆیە گەنجی بەڕێز ؛

ئەم کات و هەلەی لەبەردەستی تۆیە، بە شتی پڕوپووچ و بێ سوود بەسەری مەبە! با نەبیتە تاکێکی بێ سوود، بۆ خۆت و دەوروبەر و کۆمەڵگەکەت. ببێ بە کەسێک؛ کە تۆیان دواند و تۆیان دیت ڕەحمەت بۆ دایبابت بنێرن..

لەگەڵ ریزدا..

❊❊❊❊

## هەرگیز خۆبەزلزان مەبە

هەرگیز خۆبەزلزان مەبە!

تۆ چەندە زل بیت، هێشتاکانێ لە چەندین بواردا چکۆلەی..!!

نموونەیەکتان لەبۆ دێنمەوە:

تۆ پزیشکێکیت، لە بوارەکەی خۆتدا ڕکابەرت نیە، بەنێو قوڵایی زانستی پزیشکیدا گەشتێکت کردووە،لەو گەشتەشدا؛ بە ئەقڵێکی تەواو و باخەڵێکی پڕەوە هاتوویتەتەوە.

دەتبەمە لای هونەرمەندێک و بکەونە گفتوگۆ، با کابرای هونەرمەند باسی مەقامات و تۆنەکان و داڕێژانی ئاوازەکان بکات بۆت.

ئەوجا دەزانی کە تۆ جارێ نەزانیت و، لەو بوارەدا تەقەی سەرت دێت.

وە بە پێچەوانەوەشەوە، با پزیشکەکە دەسبکات بە گفتوگۆ لەبارەی:ئێسکەکان ، دەمارەکان ، جۆری نەخۆشیەکان...هتد،

ئەوجا دەزانی کە تۆ نەزانیت..!!

ئەشێ هەرتاکێکمان و لە بوارێکدا بەهرەمەند بین و لێی هەڵکەوین،هەر بۆیە پێویست ناکا لەخۆمان بگۆڕێین، ئاڕاستەی لووتمان بەرەو ئاسمان بگۆڕین و خۆبەزلزانین باڵبکێشیت بەسەر بیرکردنەوەکانماندا..!

بەڵکو بە پێچەوانەوە،

دەبێت لەو بوارەشدا ببەخشین، دەوروبەر و تاکەکانی کۆمەڵگەمان بەهرەمەند کەین لێی..

دەبێت ئەوەش بزانین؛

سەرچاوەی هەموومان گڵە و، هەر بۆنێو گڵیش دەڕۆینەوە..!!

گەر تۆ زل بایت، با بڵێین لە مرواری دەبوویت وە دەگۆڕایت بۆ مرواریش..!!

❊❊❊❊

## لەبیرکردنی ئازاری کوڕان و ڕاکێشانی سۆزی کچان

"کچینە نزایەکتان بۆ بکەم؟"

ئەی ئەزیزان بۆ نزایەکیش بۆ کوڕ ناکەن..؟؟

چەنێک کچان بەدەس کوڕانەوە ئازاریان کێشاوە، ئاوهاش کوڕان بەدەسی کچانەوە ئازاریان کێشاوە و خەفەتیان خواردووە..!!

یاخوود تەنها دەتانەوێت؛ خۆتان خۆشەویست بکەن و، سەرنجیان ڕابکێشن بە وشە ناسکەکانتان..!!

کەم بەڵێنی درۆ نەدراوە بە کوڕەکانیش، ئەو کاتانەی کە خەریکی قسەکردنی لەگەڵیا و بەساقەی ئەبی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە چاوەڕوانی ئەوەی؛ یەکێکی دەوڵەمەنتر و دەسەڵاتدارتر بدۆزیتەوە، تاوەکو خیانەتێکی لێ بکەیت بە ناوی"چارەنووس"ـەوە..!!

ئەو بۆ نزایەکیش بۆ ئەو کوڕانە ناکەیت، کە لە کاژێر ٦ بەیانیەوە تاوەکو ٦ ئێوارە؛ خەریکی کرێکارین و ١٠٠ کیلۆ دەداتە پشتیدا و ،یەڵا بۆ نهۆمی دووەم!

یاخوود ئەو شاگردەی کە بەیانی تا ئێوارە لەبەر ١٠ هەزاری ڕۆژانە، بەرگەی قسەی زبری وەستا نامەردەکەی گرتووە، دواتریش دەڕواتە ماڵەوە هەزار بۆڵەبۆڵی لەسەر دەکرێت..!!

پیاوی ئەزیز بە قسەی نارەوا خۆت خۆشەویست مەکە و، ڕەوایەتیش بخەیتە ژێر پێت، بەسۆز گیان..!!

✻✻✻✻

## ڕەوشی هەلی کار لەنێوان نێر و مێ

باخچەیەکی بچووکم هەبوو، سێ مریشک و کەڵەشێرێکم تێیدا دانابوو گوزەرانیان دەکرد.

ماوەیەک مریشکەکان باش هێلکەیان دەکرد، کەڵەشێرەکەش دیاربوو چالاک بوو.

بەڵام مخابن بەرەکەتی مریشکەکان توانای کەڵەشێری لەبیرم بردبۆوە.

ئیدی ئەو ماوە گەلێ خزمەتی مریشکانم دەکرد،

خواردنی زۆرم بۆ دائەنان و زۆر مەیلم پێیان دەدا، کەڵەشێریش لەولاوە بێناز و داماو کەوتبوو.

ڕۆژێکیان چوومە لای مریشکان و کەمێ دانم بۆیان برد،

هەرکە زانیم کەڵەشێریش چووەتە ڕیزی ئەوانەوە،ب ەهەمان شێوەی مریشکان دانیشتووە دەیەوێ هێلکە بکات.

منیش هەنێ ڕوانیم و شۆک بووم، لەبەر خۆمەوە گوتم:"یان نەخۆشە،یان سەرخۆشە".

خۆی هەر قسەم بوو، ئەو دەروونی نەخۆش بوو..!!

بابەتی هەلی کاریش بۆ کوڕان و کچان ڕێک وەهای لێهاتووە.

کوڕە دەبینێ لە خوارووی ٩٠% هەلی کارەکان نووسراوە بۆ ڕەگەزی مێ، ئەویش لەخۆی دادەمێنێ و بە ئاهێکەوە دەڵێت:"شەڵا مێ بوو بام".

نەمان گووتوە با مێ ئیش نەکات، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە با ئەوان ئیش بکەن، بەڵام گەر وەزعەکە هەر ئاوهایی بڕوات،دەبێ ئێمە ببینە پیاوی ماڵەوە..!!

جا گەر سەرنجتان دابێ، جیاوازی مەرجی هەلی کارەکانیش زۆر جیاوازی هەیە لەنێوان نێر و مێ.

بۆ نموونە:دەبێ نێر ئەفغانی و مۆزەمبیقی، چینی بزانێت.

بەڵام مێ گەر کوردیەکەشی دوکەڵ بکات زۆر کێشە نیە، بەڵام دەبێ جلەکەی ڕێک بێت..!!

❊❊❊❊

## کورد لەگەڵ ڕەخنەدا

ماوەیەکە هەستم کردووە، زۆربەی تاکی کورد سەبارەت بە ڕەخنە و ڕەخنەگرتن؛ فرە هەڵە تێگەشتوون.

سەرەتا ڕەخنە: دواندن و بڕیاردانە، لەسەر بەها و نەشازی و هەڵەی شتێک.

جا ئەو شتە بەرهەمێک بێت، نووسینێک بێت، بابەتێک بێت، یان ئامێر و کەلوپەلێک بێت.

گەلێ جار بینیومانە، فرە کەس لە ڕەخنە دەترسن، یاخوود ڕەخنەگرتن بە کردارێکی ناشرین ناودەبەن. بەڵام ئەمە باش نیە ئاگاداربە!

گەر ئێمە گوێ لە ڕەخنەکان بگرین، وەهەروەها پەیڕەویان بکەین بۆ باشتر بوونی بەرهەمەکانمان؛ دەبینین تووشی هەڵەیەکی کەمتر و، نەشازیەکی پیچکتر دەبینەوە. وە هەر بەڕاستی بەرهەمەکانمان باشتر دەبن.

نموونەیەک دێنمەوە:

ڕۆژێک هەواڵێکت بۆ دێنن، هەواڵەکە ئەوەیە؛ پێشبڕکێیەکی نووسین دەکرێتەوە. وە دەبێ تۆش نووسینێک ئامادە بکەیت و، دواتر پێشکەشی بکەی، پاشان لیژنە بڕیار لەسەر نووسینەکە دەدەن، پاش ماوەیەک ئەنجامەکان لە ڕیزبەندیەکدا بڵاودەکەنەوە..

ڕۆژ دەڕوا و ڕۆژ دێ، لەناکاو ئەنجامەکان دێنەوە، تۆش سەیرێکی ڕیزبەندیەکە دەکەی، دەبینی ئەنجامێک باشت بەدەست نەهێناوە! زۆر خەم دەخۆیت و دەڵێیت: "ئاخۆ بۆ ئاوها ئەنجامەکان باش نەبوون، خۆ من نووسینیکی ناوازەم داڕشتبۆوە". دواتر کاغەزی ڕەخنە و تێبینیەکان دەکەیتەوە و، دەبینی ڕەخنەیەکی زۆر گیراوە لەسەر وشەکاری، خاڵبەندی، ڕەوانبێژی ..هتد.

تۆش لەناخەوە دەڵێیت: " قوربەسەرم، خۆ من نووسینەکانم پێشانی زۆر کەس دەدا، ئەی بۆچی یەکێکیان ڕەخنەیان نەگرت تاوەکو زوو بەهەڵەکانم بچمەوە. دەی کێشە نیە، با ببێت بە ئەزموونێک بۆم".

بەڵێ ئەزیزان ڕەخنەگرتن ئەوە سوودەکەیەتی!

هەنێک دەڵێن ئاخر ئێمە ڕەخنەی ڕوخێنەرمان لێ دەگیری، هەر بۆیە لامان قێزەون و ترسناکە!

بەڵام بەڕای من؛ ئەوە ڕەخنەی ڕوخێنەر نیە، بەڵکو ئەوە سووکایەتیە! لاتان سەیرنەبێ، کە زۆر کەس تا ئێسا ڕەخنە و سووکایەتی بەیەک چاو سەیردەکەن. وە زۆرێکیش بەناوی ڕەخنەوە سووکایەتیەکی فرەیان کردووە! تەنانەت چەندین کەسیشیان بەناوی ڕەخنەوە ڕوخاندووە، هەر بۆیە ناویان لێناوە ڕەخنەی ڕوخێنەر..!!

بۆ نموونە: کە وێنەیەک دەبینی دەڵێی: "یاع توخودا ئەوە وێنەیە، سەیری سەیری ئەڵێی بە تاریکی کێشاویەتی".

بەڵێ ئازیز ئەم دەربڕینانە و هاوشێوەی ئەوانە؛ سووکایەتیە نەوەک ڕەخنە! بەڵام گەر وێنەیەکت بینی و وتت: " ڕەنگەکانی گونجاو نین، هیوام وایە باشتری بکەی".

ئا ئەمەیان ڕەخنەیە!

هیوام وایە لەگەڵ ڕەخنەگرتنیش؛ ڕێنیشاندەر بن! چونکە ئەمەیان لە بەتەنها ڕەخنەگرتن زۆر باشترە.

بۆ نموونە:

یاریزانێک دەبینی لێدانی تۆپی باش نیە. تۆ پێی بڵێی: " لێدانی تۆپت باش نیە، هیوام وایە فلان و فلان ڕاهێنان بکەیت". زۆر باشترە لەوەی کە بەتەنها بڵێی: "لێدانی تۆپت باش نیە".

ئومێد دەکەم لەمەودوا، لەکاتی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانتان؛ خۆتان داوای ئەوە بکەن کە ڕەخنە و پێشنیارەکانیان دەرببڕن، نەوەک خۆتی لێ بدزیتەوە!

****

## گەر دەتەوێ چێژ ببینی

گەر دەتەوێ چێژ ببینیت و کات بەسەر ببەیت:

- دەتوانیت ساتێکی ئایینی ببیتە سەر.
- دەتوانیت وەرزش بکەیت.
- دەتوانیت وێنەیەک بکێشیت.
- دەتوانیت گۆرانیەک بڵێیت، گوێ لە گۆرانی بگریت.
- دەتوانیت مەلەوانی و شاخەوانی بکەیت.
- دەتوانیت سەیری فیلمێک بکەیت.

- دەتوانیت کتێبێک بخوێنیتەوە.
- دەتوانیت لەگەڵ خێزانەکەت کات ببەیتە سەر.
- دەتوانیت لەگەڵ هاوڕێیان پیاسە، یاخوود سەیرانێک بکەن.
- دەتوانی سەردانی ماڵی ئەزیزان بکەیت.

بەڵام نەکەی هەرگیز بۆ کات بەسەربردن و پێکەنین و چێژ، گاڵتە و سووکایەتی بە مرۆڤێک و گیانلەبەرێک بکەیت!

****

## تۆ تاکە کەس نیت، کەلەم جیهانەدا کێشەت هەیە

تۆ تاکە کەس نیت ، کە خەم و کێشەت هەیە..

هەموو کەسێک لەم ژیانەدا ،کە دەژین تیایدا، بەشی خۆی خەم و کێشەی هەیە.

خەم و کێشەکانیش بە ڕێژەن ، هەیە کێشە و خەمەکەی زۆر گەورەترە و هەیە زۆر بچووکترە و هەیە مامناوەندە ، بۆیە تۆ لێرەدا نە یەکەم کەسی کە خەم و کێشەت هەیە،وە نە کۆتا کەسیشی.

هەمیشە سوپاسگوزار و بەو بەوەش ڕازی بە کە هەتە.

گەر پەنجەیەکت نیە،بڵێ ئەی زۆر باشە بەس نیە کە دەستم نیە.

گەر دەستێکت نیە ، بڵێ هەر زۆر چاکە ، خۆ من دەستێکم هەر هەیە و پارچەکانی تری جەستەم هەمووی تەندروستە.

گەر تۆ کەسێکت لەدەستداوە ، ئەوە تۆ تاکە کەس نیت، بۆیە پێویست ناکات کە هەموو ژیانت بفەوتێنێت بەوەی کە کەسێکت لەکیس چووە ، چوونکە هەموومان لەدەستدەدرێین.

دەبێت ئەوەش بزانین،کە خۆکوشتن هەرگیز چارەسەری کێشە و خەمەکان نیە،ژیان بەردوامە و مەرجە کە خۆتی لەگەڵ بگونجێنی،گەر دەرگایەکت لیَ داخرا ،سەدان دەرگای تر هەن کە بە ڕووتدا کراونەتەوە،کە ئەشیَ کلیلەکەیی هەر لە دەستی خۆتدا بن و تەنها لەسەر تۆ ئەوەبێت کە بیکەیتەوە.

بۆیە هەمیشە بە گەشبینی و سوپاسگوزاریەوە بڕوانن لەم ژیانە، باوەڕکەن زۆر کورتە،با تیانەچین..

❊❊❊❊

## کردارە نابەجێیە باوەکانی ئێستا

- دوو کەوچکی لە چێشتەکەی نەخواردووە،لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وێنەکەی بڵاو کردۆتەوە..

- هەر دەچێتە نێو ئۆتۆمبێلەکەیان،جاریَ دوو سلفیان لیَ نەداوە،ڕاستەوخۆ ڤیدیۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاوکردۆتەوە..

- دەڕواتە شارێکی تر یان وڵاتێکی تر،لە ڕۆژێکا ٢٠ وێنە و ڤیدیۆ دائەنێت،نەمانزانی بۆ خۆی گەشتەکەیی کردووە یان ئێمە..

– ئامێرێک،کەلوپەلێک،ماددەیەکی کڕیوە،هێشتا خۆی بەکاری نەهێناوە یەکسەر وێنەکەی بڵاو کردۆتەوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان..

تکایە!! بۆخۆت ژیان بکە نەوەک ئێمە،چێژ وەربگرە،پۆز لێمەدە،خۆبەزلزان مەبە،هەمووومان لە گڵەوە درووسبووین...

❊❊❊❊

## فێربە

فێربە..

–ئەوەی مامۆستاکەی خۆشدەوێ، ماساوچی نیە.

–ئەوەی ڕێز لە ئافرەت دەگرێت،و ڕەفتاری چاکە لەگەڵیان موونەرم نیە.

–ئەوەی وا هەمیشە ڕاستی دەڵێت،مەرج نیە دڵڕەق و بوغزاوی بێت،بەڵکو حەزی بە درۆ نیە.

–ئەوەی وا حەز بە دەمەقاڵێ و شەڕ ناکات،ترسنۆک و بێ غیرەت نیە ،بەڵکو حەزی بە ئاژاوەگێڕی نیە.

–ئەوەی وا بێدەنگ و خۆهەڵقورتێنەر نیە،گێل و نەخۆش نیە،بەڵکو تاقەتی جیهانە پیسەکەی ئێوەی نیە..

بیری خراپ مەکەنەوە،ئاگاداری ڕەفتار و قسەکانتان بن.

هەر ئەوەنە...

****

## قسە نەوتراوەکان

سامویل بێکت وتەیەکی هەیە دەڵێت:

"قسە نەوتراوەکان،هێواش هێواش دەبنە چرچ و لۆچی سەر ڕووخسارمان".

منیش سەد لە سەد هەمان ڕام هەیە،ئەو قسانەی لەنێو ناخی خۆت دەهێڵێتەوە، خەم، خەفەت،ئازار و دوودڵیەکەت،دوو هێندە بۆ زیاد دەکەن،پەستانی سەر دەروون و مێشکت بەهێزتر دەکەن،هەر ئەوانەشە کە پیرت دەکەن..

با کەسێکت هەبێ کە هەمیشە خەم،ئازار و قسەکانتی بۆ باسکەیت.

جا ئەگەر برا یاخوود خوشکێکت بێ،یان هاوڕێ و خزمێکت بێ،دایک و باوک،یاخوود مام و خاڵ و پورت بێت.

گرنگ ئەوەیە هاوبەشی کەیت لەگەڵیان،گرنگ ئەوەیە لەناخی خۆت هەڵی نەگری،چون پیرت دەکەن...

گەر هەر هیچ کەسێکت دەسنەکەوت  ڕووبەڕوو بۆی باسکەیت،ڕێک ڕووکەرە خودا و بۆ ئەو زاتە بەدەسەڵات و مەزنەی باسکە،ئەوێک کە هەمیشە گوێت لێ دەگرێت، و ناڕەزایی دەرنابڕێت،بێزار نابێت لە گوێ گرتن..

****

## ببەخشە لێرە مرۆڤەکان پێویستیان بە بەخشینە

ببەخشە،لێرە مرۆڤەکان پێویستیان بە بەخشینە..

ئەشێ زۆربەمان کە هەر ناوی بەخشین هێنرا،کتووپڕ بیرمان بۆلایەنی پارە و ماڵ و سامان بڕوات.

بەڵام لێرەدا ئێمە شتگەلێکی دیکەمان هەیە ، کە بتوانین بیانبەخشین بەوانەی چواردەورمان...

تۆ دەتوانیت،خۆشەویستی ببەخشیت،ئامۆژگاریەک ببەخشیت،وتەیەکی جوان و کاریگەر ببەخشیت،تەنانەت تۆ دەتوانی پێکەنینێک ببەخشیت،پێویستە ئەو زانستەی کە یەکێکی تر بەتۆی بەخشیوە،تۆش بیبەخشیتەوە..

لێرە چەندین کەسانی ڕەشبینی و بێ ئومێد و خەمبار و دڵتەنگ هەن،دەی کە تۆ نەتوانی، ئومێدێک،ئامۆژگاریەک،وتەیەک،قسەیەکی خۆش نەبەخشیت چ سوودێکت هەبوو..؟

خۆشەویستی بڵاوکەرەوە،ببەخشە،ئەم تەمەنە زۆر کورتە،دەڕوات نایەتەوە،دەی کەوایە ئێمە تەنها بوغز و کینەمان هەڵگرتبێت چ فایدە..

❋❋❋❋

## بەشێک لە کارەکانت بە نهێنی ئەنجام بدە

گەر بمانەوێ سەرکەوین ، پێویستە هەندێ لە کارەکانمان بە نهێنی ئەنجام داین.

چونکە کاتێک ئاشکرای ئەکەین ، زۆربەی بەناو مرۆڤەکان هەوڵی تێکدانی دەدەن..

بەڵێ سروشتی بڕێک لە مرۆڤان وەهایە ، کە هەرگیز نایانەوێ باشەیەک و سەرکەوتنێکی هاو توخمی  خۆی ببینێت..

دەتوانین ئەو مرۆڤانە بە "نەخۆش بڵاوکەر"ـی کۆمەڵگە ناو بنێین ، چونکە بەڕاستی ڤایرۆساوین و ، دەیانهەوێ کاولکاریەکی کوشندە بئافرێنن ، هەمووان هەڵگری ئەو ڤایرۆسە بن..

هەر بۆیە پێویستە هەندێ لە ئامانج و کارەکانمان  بە شاراوەیی ئەنجام بدەین ،

تاوەکو ڕێگە بگرین لە درووستبوونی بەربەستێک ، نەوەک ڕێگەی سەرکەوتنمان لە ڕامالێت..

****

## ڕێگایەک بۆ باشتربوونی ژیانت

خوشکان و برایانی ئازیز ،  لەم بابەتەدا ئاشانتان ئەکەم بە ڕێگایەک؛ کە وادەکا خودی خۆت بەرەو پێش ببەیت و ، ژیانت باشتر بکەیت..

لەماوەی ٢٤ کاژێردا ، ١٠ بۆ ٢٠ خولەک تەرخان بکە بۆ لێپرسینەوە لەخۆت ، کە ئایە تۆ لەماوەی ئەو ٢٤ کاژێرەدا چیت کردووە؟ چیت وتووە؟

ئایە دڵی کەسێکت شکاندووە؟ ، ئایە کارێکت کردووە کە وابکات تۆ دوابکەویت؟

ئایە کردەیەکت ئەنجام داوە لە کەسایەتیت کەم بکاتەوە؟

لەخۆت بپرسەوە، پاشان پێنووسێک و کاغەزێک بێنەو ، ئەو کارەی کە بەدڵت نەبووە لەو ڕۆژەدا ، یاخوود هەڵەیەک کە کردووتە و نابێ بیکەیتەوە بینووسەوە ، و بەڵێنێک بدە کە دووبارەی نەکەیتەوە.

یاخوود بزانە لەو ماوەی ٢٤ کاژێرەدا بزانە چی فێربوویت و ، چ ئەزموونێکت پەیدا کردووە ، تێیدا بینووسەوە و ئەو کردەوانە پەیڕەو بکە..

باشتر وایە ئەم ڕێگایە ، پێش خەوتنت پەیڕەوی کەیت ، چونکە ئەو کاتە بۆ تۆ دەبێتە کۆتایی ڕۆژەکە..!!

بێجگە لەوەی کە ئەم ڕێگایە ژیانت باشتربل دەکات و ، خودت پێش دەخات.

دەروونیشت ئاسوودە دەکات..!!

تەنها بەڵێنێکم پێ بدەن و ، بۆ یەک مانگ ئەن ڕێگایە پەیڕەو بکەن ، دواتر ئەنجامەکەی دەبیننەوە.

****

## لەبەر ناوێک، خۆتان لەدەست مەدەن

سەری خۆم هەڵدەگرم،دەچمە سەر لوتکەی شاخێک.

بەدەنگێکی بەرز هاواردەکەم و دەڵێم:

"لەبەر ناوێک، خۆتان لەدەستمەدەن".

بەڵێ مەملەکەتەکەم زۆریکیان لەبەر ناو خۆیان لەدەست داوە.

ئاخر ڕەوایە، بە قەرز گەشەسەندوترین مۆبایل بکڕیت تاوەکو پۆز لێبەیت و ناوێکت هەبێ؟

وە دواتریش؛ بە خۆ فەوتاند و دەیان سوێندی درۆ و سەدان بیانوو پارەی قەرزەکە بەیتەوە.

دواتریش بۆڵەبۆڵ بکەیت بەسەر خێزانەکەتدا..!!

ئاخر ڕەوایە،

بزانیت ناسراوێکت(هاوڕێیەکت،هاوسێیەکت،هەر کەسێک بیناسیت و لەحالیان بزانیت)،پێویستیان کەمە و کەم دەرامەتن،یاخوود نەخۆشێکیان هەبێت،تۆ پارەی دنیا لە گەشت و سەفای خۆت خەرج کەیت،بەڵام ئامادەیت نەبێ ئەوانە تێر بکەیت..!!

ئاخر ڕەوایە،تەنها لەبەر ناوێکی دونیایی و کاتی،لە کەسایەتی خۆت دابەزێنی؟

لەنێو شاشەکاندا،بەبەردەوام خەریکی قسەی نابەجێی،جنێو، قسەی بێسوود و بێ بنەما بیت؟

ناوی خەڵکی پیسبکەیت،بەم و بەودا بێیتە خوارەوە..

لەکاتێکدا هەمووان خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی..!!

بەڵێ وادیارە هەمووی ئاسایە،لێرەدا..!!

بەڵێ وا خۆمان دەمانەوێ وەهابێ..!!

دەرمانەکان وا لەدەستتدان،زوو بیانخۆ وڤایرۆسەکان لەناو بدە،تاوەکو بەسەریدا نەچووە..!!

❊❊❊❊

## پەند وەرگرتن لە پێشهاتەکان

سەیر لەوە دایە پەند لە پێش هاتەکانەوە وەرناگرین..

نازانین،ئاخۆ گەمژەین یان هەر بەڕاستی نابینایین؟

- چەندین گەنج و هەرزەکارمان دواندووە و بینوومانە،کە بەهۆی بابەتی خۆشەویستی و عەشق(ئەم سەردەمە،کە هیچ مانایەکی نیە،تەنها بۆ چاولێکەری و قسەی بێمانایە)ـەوە،گۆشەگیر بوون و زۆربەی تووشی خەمۆکی(نەخۆشی دەروونی)بووە.

ئەوەشی سەیرە؛ کە پێشتر چەندینی دیکەی بینیوە کە بەهۆی ئەو بابەتەوە،خیانەتیان لێ کراوە و بێ وەفاییان بەرامبەریان نواندووە،تووشی کێشە بوونە و ئێساش تووشی نەخۆشی دەروونی،گۆشەگیری و خەمۆکی بوونە.

کەچی هێشتا کەلەڕەقە(لە گەمژەییدا)دەیەوێ ئەو ڕێچکەیە بگرێت و تاقی بکاتەوە،دواتریش نازبکات بەسەرماندا و ژیانی خۆی و خێزانەکەشی تا ماوەیەک بشێوێنێ.

ئەکرێ لەو ماوەشدا چەندین هەل و فێربوونی ژیانی لەدەسبدا بێ ئاگانە..!!

- چەندین کەسی نزیکمان(لە خزم و هاوڕێ و ناسیار و هتد..) بە ڕووداوی هاتووچۆ لەدەسمان چووە یاخوود جەستەیی شێواوە،بەهۆی خێرا لێ خووڕین و سەرپێچیکردن.

کەچی ئێستاش پەند وەرناگرین و عارمان ناکەینەوە،بەبەردەوام شەو ڕۆژ دەبینین کە گەنجەکانمان چۆن خێرا لێ ئەخووڕن و خەریکی سەرپێچی کردنن!دوای ئەوەش شانازی پێوە دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە،گوایە شتێکی گەلێ چاکیان ئەنجام داوە..!!

دواتریش ڕووداوێ دەکەن و ماڵی خۆیان و ئەوانەشی لەگەڵی پێوە ئەبن کاول ئەبێت.. !!

کاتێک لە ڕووداوەکانەوە پەند وەرناگریت،جیاوازیت نیە لەگەڵ ئەو وشەیی تۆ ناوی دەبەی بە(گەمژە)..!!

❊❊❊❊

## کاریگەری ژینگەی دەورووبەر

ژینگەی دەورووبەر،کاریگەرترینە لەسەر دەروون،ڕەوشت،کردار و هەڵسوکەوتی تاک.

جیاوازن،گەر منداڵێک دایک و باوک و دەورووبەری،پێی بڵێن"شەڕ لەگەڵ ئەم و ئەودا مەکە،هەمووومان خوشک و برایی یەکین.

وە منداڵێکی تریش دایک و باوک و چواردەورەکەی،هەر کەسێک ببین بە منداڵەکەیان بڵێن"تفکە لە (مامە،دادە،کاکە).

جیاوازن،گەر چواردەوری تۆ هیوا بەخشبن،ویستی کارێکت هەبێ ئومێدت پێ ببەخشن،یارمەتیت بدەن،قسەی ڕووخێنەر نەکەن.

مێشک کراوەبن،هەڵەیەکت کرد فەرتەنەت لێ نەنەوە و زەڕبی سفرت کەن.

وە چواردەوری کەسانی دیش،ڕووخێنەر و ڕەشبین بن،ویستی هەر کارێکت هەبێ ساردت کەنەوە بە قسەی هەلەق و بەلەق و ڕووخێنەر.

مێشک داخراوبن،بوێری ئەوەت نەبێ جیاوازبی،لەدوای هەر هەڵەیک ڕسوات بکەن و فەرتەنەیەک بننەوە...

بۆیە ئێمە ئەبێت تێکەڵیمان زیاد بکەین، ئەزموون وەرگرین،ئارامیمان هەبێ بەرامبەر ئەو کردانەی کە لە بەرامبەرمان ئەنجام ئەدرێت،هەوڵدەیەن هەمیشە نزیککەوینەوە لە کەسانی هێمن و هیوابەخش و سەرکەوتوو...

وەنابێت بێ وەڵام بین بەرامبەر ئەو ژینگەیی کە وامان لێ ئەکات هەر لە خوارەوەبین و تەنها بڕوانین،یاخی ببە لەو ژینگەیە،هەڵبێ بەرەو ئەو ژینگەیەیی دەتکاتە مرۆڤ..!!

❊❊❊❊

## سیناریۆیی دووڕوو

لە ئێوارەیەکی فێنکی بەهاردا، دوو هاوڕێ بەناوی (ئەریوان و ڕێکار) لە نزیک بازاڕی شاردا یەکدەگرن و دەکەونە گفتوگۆ:

ئەریوان:سڵاو ڕێکار، چۆنیت..؟

ڕێکار:سوپاس بۆ خوا باشم،ئەی تۆ..؟

ئەریوان:منیش باشم،ئێ چی هەیە چی نیە..؟

ڕێکار:وەڵا هەروەک خۆمم ،هەروا بێ ئیش دەسووڕێمەوە.

ئەریوان:دەی کەواتە با بڕۆین پیاسەیەکی نێو بازاڕ بکەین و سەرێکیش لە کتێبخانە بدەین.

ڕێکار:زۆرباشە، با بڕۆین.

................

(لەکاتی ڕێکردندا بەرەو بازاڕ..)

ڕێکار:ئەریوان،دەبینم لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەمیشە خەریکیت وێنە بڵاو دەکەیتەوە و لەگەڵ پارچە شیعر و پەڕەی کتێبەکان،بە بڕوای من و باشترە هەندێک کەمی کەیتەوە.

ئەریوان: (بە بزەیەکەوە) ڕێکار گیان ، لەوانەیە تۆ لە مەبەستەکەم نەگەیت ، من ئێستا یەکەم ساڵی زانکۆمە ، کۆمەڵی هاوڕێی نوێم لە کچ و کوڕەوە ناسیوە ، نامەوێت وەک کاتی قوتابخانە بێت ، دەمەوێت لێرە بە ڕۆشنبیر و مێشک فراوان دەربکەوم.

ڕێکار: ئەی کەواتە سوودی چیە گەر تۆ لە ژیانی ڕاستیدا وانەبیَ، تەنها ماسکێکت پۆشیبیَ لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان.

ئەریوان:ڕێکار گیان ،ئێستا زۆربەی گەنجەکان وان ، با ڕوونتر بیڵێم دووڕون، لە ژیانی ڕاستیدا جۆرێکن  و لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش جۆرێک،ئاسایە با منیش وەک ئەوان بم..

ڕێکار:ئەی بۆ نابێت تۆ جیاواز بیت..؟

ئەریوان:دە بیبڕەوە، ئەوە گەشتینە کتێبخانە با هەندێک کتێب بکڕین..

(ئێستا گەشتوونەتە نێو کتێبخانەکەدا، هەردووکیان دەگەڕێن بەدوای کتێبدا تاوەکو بیکڕن)

ڕێکار: کتێبی خۆمم دۆزیەوە، با بڕۆمە لای ئەریوان بزانم چی

(لەو کاتەدا ڕێکار دەبینێت ئەریوان ٦ کتێی پێیە)

ڕێکار(بەسەرسوڕمانەوە):ئەوە چیە ئەریوان،خۆ تۆ زوو زوو دێی بۆ کتێبخانە و کتێب دەکڕی،بۆ ئەو هەمووەت بە جاریَ کڕیوە..؟

ئەریوان:ڕێکار گیان ،دوو سبەی ماڵی خاڵم دێنە ماڵمان ،کە دەیانبەم بۆ کتێبخانەکەم دەمەویَ کتێبخانەکەم هەندێک پڕبێت.

ڕێکار:ئەی دواتر نایانخوێنیتەوە..؟

ئەریوان:هەندێکیان  تەنها چەند پەڕەیەکی لێ دەخوێنمەوە ،وە دواتر وێنەی پەڕەکانیان بڵاو دەکەمەوە ،ئەسڵەن کێ تاقەتی هەیە ئەو هەمووە بخوێنێتەوە..!!

ڕێکار:بەڕای من کارێکی هەڵە دەکەی،ئەوە دووڕوویە،بەڵام دەی ئارەزووی خۆتە چی دەکەی..

ئەریوان:باشە ڕێکار تۆ بۆ یەک کتێبت کڕیوە..؟

ڕێکار:من دەمەوێ مێشکم پڕ بکەم،نەک کتێبخانەکەم..!!

ئەریوان(بە پێکەنینەوە):هەی لە کاکی فەلسەفەچی،دەی وا خەریکە تاریک دادێ با بڕۆینە.

ڕێکار:منیش ویستم بڕمەوە ،دەی کەواتە خوات لەگەڵ

ئەریوان:کاتێکی شاد،خوات لەگەڵ..

..................

ڕێکار(لەمێشکی خۆیدا ،لەکاتی گەڕانەوە بۆ ماڵدا):

ئای لە دووڕووی ئەم جۆرە کەسانە ،لە شانشینێکدا دەژیم ناتوانن ڕاستی خۆیان دەربخەن ، بۆ بەرژەوەندی خۆیان چەندین کاری هەڵەدەکەن، مردووی ستایشێکی نادادپەروەرانەن، هیوام گۆڕان و باشبوونە...

****

## بڕیار دەرەکان

کاتێک لەدایک دەبین؛ گەر لە خێزانێکی ئاسایی لەدایک بین یەکسەر کۆمەڵێ بڕیاردەرمان بۆ زیاد دەبێت. دایک، باوک، خوشک، برا، داپیرە، باپیرە، پور، خاڵ، مام...

ئەوان تۆ دەخەنە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە. بە ئارەزووی خۆیان بڕیارت بۆ دەردەکەن، تۆش جیبەجێیان دەکەیت، بێ ئاگایی لەوەی هەنێ لە بڕیارەکان دەبنە جادوو بۆت..

پاشان کەمێک گەورە دەبیت دەڕۆیتە کڵێسا، مزگەوت، شوێنە ئاینیەکان. پاشان قەشە و مەلاش دەبنە بڕیاردەرێکی ترت. بەڵام دەبێ خۆت لەنێو ئەو هەموو قەشە و مەلا، تەنها ١ دانەی ڕاست بکەیت بە بڕیار دەرت..

پاشان دەڕۆیتە قوتابخانە لەوێش کۆمەڵێکی تر دەبێتە بڕیاردەرت. مامۆستا،بەڕیوبەر، یا. بەڕێوبەر، توێژەر... هتد

جاری وا هەیە هاوڕێکانت دەبنە بڕیاردەرت. جاری وایە دەتکەن بە شەیتان و، جاری واشە دەتکەن بە فریشتە...

تۆش دواتر ژنێک دێنیٚ یان شوو دەکەی هەم دووبارە بڕیاردەر..

پاشان دەمریت و بۆ خۆت نەژیایی! تەنها بە قسەی ئەوانت کرد. تۆ هەرگیز یەک بڕیارت بۆ خۆت دەرنەکر تەنها بە قسەیی ئەوان چوویتە ڕێوە. ئایە چیبوو چێژت بینی لە ژیان؟ سەرکەوتووبویت؟ ئەوەت ئەنجام دا کە خۆت ویستت؟

شتە ڕاستەکان هەڵبژێرن و بۆ خۆت بژی..

❊❊❊❊

## ڕۆشنبیری

دنیاکەگۆڕاوە و هەڵەبیردەکەنەوە،

ئەگینا، ڕۆشنبیری ئەوە نیە مانگانە ٣٠٠ دۆلار بدەیت بە جل،بەڵکو بەوەیە مانگانە ٣٠٠ دۆلار جل و پێداویستیەکان بۆ هەژاران بکڕی..

- ڕۆشنبیری ئەوە نیە کۆتا مۆدێلی ئۆتۆمبێلێکت پێبێت و دوو پاسەوان لە دواتەوە بن،بەڵکو ئەوەیە پۆز لێنەدەیت بەسەر نەداران،لەخزمەتیاندابیت، ئەوانیش وەک مرۆڤێک سەیرکەیت..

- ڕۆشنبیری ئەوەنیە لووتت لە ئاسمان بێت، هێندە خۆبەزلزان بیت گویٚ لەڕای خەڵکی نەگریت هێندە خۆتت پێڕاست بێت،بەڵکو ئەوەیە هەمیشە ڕای بەرامبەر وەرگریت و ڕێزی لێگریت..

- ڕۆشنبیری تەنها ئەوە نیە بڕۆیتە کتێبخانە و قاوەخانە و سینەماکان،بەڵکو ئەوەیە جاروبار بڕۆی بۆ نەخۆشخانەی هیوا و خەڵوەتگەی پیری و هەتیوخانەکان،تاوەکو هەندێک هیوا ببەخشتە بێ هیواکان...

هیوادارم گەشتبێ..

❊❊❊❊

## ئافرەتی سفوور و داپۆشراو

"مەرج نیە هەموو داپۆشراوەکان بەڕەوشت بن، و هەموو سفورەکانیش بەدڕەوشت."

لەوانەیە زۆربەمان کە ئافرەتێکی داپۆشراو دەبینین،ڕاستەوخۆ بڵێین "ما شاء الله لەم ئافرەتە بەڕەوشتە."

بەڵام لەوانەیە هەر ئەو ئافرەتە،شەوان بە کاژێر دانیشێت زەمی ئەم و ئەو بکات،توانج لە فلان فلان بدات،بوهتان و درۆ بۆ ئەوانەی چواردەوری هەڵبواسێت،سەری ماڵ و مناڵ و خێزانەکەی خواردبێت،خۆی هەڵقورتێنێتە ژیانی کابرا و کابرا،لە ژێرەوە دزی بکات و مافی خەڵک بخوا،ئەو داپۆشینەی تەنها بۆ ڕووکەش بێت و بۆشاردنەوەی هەندێ بابەتی تر..

وە لەوانەیە هەر تاکێک لە ئێمە کاتێ ئافرەتێک دەبینین ،کە سفورە و لەچکی نەداوە،تێر تێر لێی بڕوانین و دواتر تانەیەکی لێ بدەین و بڵێین "هههە سەیرکەن ڕەوشتی چاک تێکچووە"

بەڵام لەوانەیە هەر ئەو ئافرەتە سفوورەی ، کە تۆ ناوی دەبەیت بە "بەدڕەوشت"،خاوەنی دڵێکی پاک و هەڵسوکەوتی جوان بێت.

وە مافی کەس نەخوات ، بەخراپە باسی ئەوانەی چواردەوری نەکات،توانج لەکەس نەدات،کەمترین زەم بکات،بوهتان و درۆ بۆکەس هەڵنەبەستێت،خۆی هەڵنەقورتێنێتە ژیانی ئەم و ئەوەوە،دووڕوو نەبێت.

لە کۆتاییدا ئەوە دەڵێم، بەبێ ئەوە تێکەڵیان بیت ،ڕاستەوخۆ قسە لەسەر کەس مەکە،ئافرەتێکت بینی داپۆشراوبوو یەکسەر دەسمەکە بە پیاهەڵدانی و یەکێکی ترت دی کە سفوورە پێیدا مەڕژێرە خوارەوە...

❋❋❋❋

## مۆدێل و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان

مۆدێل و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان...

لە ئێستادا مۆدێلەکان، دەستیان بەسەر جیهانی سۆشیاڵ میدیایی کوردیدا گرتووە. وە هەروەها بە ماوەیەکی کەم،زۆرترین هەوادار پەیدا دەکەن.بەهۆی نەدیتکەیی گەنجان و برسێتیان.هەروەها پەیجەکانی انستاگرام و کەناڵەکانی یوتوب. کە بۆ ئەکتیڤ ئامادەن خۆیان ڕووت بکەنەوە و، ئەوەی مانای تێکدانی کلتوری کوردی بێت ئەنجامی بدەن.بەبێ گوێدانە کلتور و عادەتی کوردی. هەروەها بەبێ گوێدانە ئەوەی؛ کە کامە تەمەن و کامە چین بینەری پەیج و کەناڵەکانیانە...

مۆدێلەکانمان، لەباتی ئەوەی جلەکانیان نمایش کەن و مانای تەواوەتی فاشیۆن بگەینمدەرۆن لاشەی خۆیان نمایش دەکەنو ،ئەوەندەی هەندێ شوێنیان دەبینین،ڕووخساریان نابینین..

با واز لەوان بێنین، چونکە ئازادن و بەو بیروڕایەیی خۆیان دەجوڵێنەوە کە هەیانە.

ڕۆژ ڕۆژی پەیجەکانە،زۆربەی پەیجەکان انستا خوا خوایی بەزمی لەم شێوەیانە. ئەوەندەی پەیجەکان هەوڵدەدەن، ڕووداوەکان و کەسایەتیەکان بکەنە شت لیمان و گەورەییان بکەن.کابرا خۆی هێندە هەوڵ نادات بۆخۆیی..

هیوادارم ئەوەی ئەم نووسینە دەبینێت. خۆی لەو بەزم و هەرایە بەدووربگرێت. و ئەوەندە بابەتەکان گەورەمەکەن.لەباتی ئەوە کردەیەک بکەن سوودی هەبێ بۆ خودی خۆت و دەورووبەرت..

****

## ڕێگای ژیانت

تۆ بەدەستی خۆتە کامە ڕێگا هەڵدەبژێری...

بۆ نموونە:

یەکێکی بەتۆ دەڵێت "گوێ بگرە"،

ئەتوانیت بە دوو پەنجەت هەردوو گوێت بگریت،پاشان ئەوەی بەرامبەرت هەرچی بڵێ تۆ نایبیستی..

وە ئەشتوانیت،گوێی بۆ ڕاگری و ئەوە سوودی بۆ تۆبێت لێی وەرگریت،ئەوەشی سوودی بۆت نابێت بەکاری نەهێنیت...

ویستی خۆت بۆ گۆڕانت،یاخوود چارەسەرکردنی کێشەیەکت،هەوڵدان بۆ فێربوونت،گەشتن بە ئامانجێکت،گرنگترین کردەیە...

بەبێ بوونی ویستی خۆت،نە دەگۆڕێی،نە کێشەیەکت چارە دەکرێ،نە بە ئامانجێکت دەگەی کە خۆت دەتەوێ..

بۆیە هەمیشە ،پێش هەر کردەیەک کە دەتەوێ ئەنجامی بدەی،دەبێت سەرەتا ویستی خۆتی لەگەڵبێت ....

✻✻✻✻

**ببە بەخۆت**

هەوڵبە هەمیشە ببیت بە خۆت...

خەڵکانی چواردەورت هەمیشە دەڵێن :کوڕم،کچم هەوڵدەن گەورەبن ببن بە ئەنیشتاینی دووەم. ببن بەشکسپیری دووەم. ببن بە فلان و فلان و فلان...

بەلام هەمیشە تۆ وەلامیان بەرەوەو بلێ:نەخێر، من دەمەوێت ببم بە خۆم.!!

با ئاوهاییت لێ دەربچێ بلێن: " بەلێ ئەمە خۆیەتی". نەک ناوی ترت لە پاشەوە بنێن،

هەوڵدە خۆت کاریگەری درووس کەیت..!!

ئەشێ بیرکردنەوە و هێز و هزری تۆ، لە کەسایەتیەوەکەوە نزیک، بێت بەلام هەمیشە ١٠٠% وەک یەک نین..!!

ئەشێ تۆ بەهرەمەند تربیت ،بەهێز تر بیت ، لەچەندین لق و لایەنەوە تۆ جیاوازبیت. بۆیە تۆ دەتوانیت ببیت بەخۆت،کاریگەری درووس کەیت،جیاواز بیت، بۆیە هەرگیز خۆت بە کەم دامەنێ..!!

✻✻✻

## کلیلێکی بەختەوەری

ڕازی بوون بەوەی کەهەتە،بە یەکێک لە کلیلەکانی بەختەوەری دادەنێم لە ژیانتدا...

تۆ سەیری جوانی و سەرسوڕهێنەری ئەو کەسانە بکە ، کە هەمیشە ڕازین بەو شتانەی کە هەیانە.

هەمیشە ڕووخسارێکی بەخەندەیان هەیە،هیچ بوغزێک و کینەیان لێ نابینی،هەرگیز چاویان لەدەستی کەس نیە و ناکروزێنەوە..

بۆ نموونە دوو هاوسەر منداڵیان نیە؛

بەڵام ڕەزامەندن و دەڵێن "ئاسایە،کێ ناڵێت ئەگەر هەمانبوایە کەمئەندام نەدەبوو،یاخوود دواتر کەسێکی ئاوهاییی لێ دەرچووبایە کە خۆزگەمان بخواستبا نەمانبوایە."

یاخوود دوو هاوسەر تەنها تاقە منداڵێکیان هەیە و، بەڵام ڕەزامەندن و دەڵێن"سوپاس بۆ خوا ،کە ئەم منداڵە ساغەی پێ بەخشیوین،زۆر چاکە لەوەی کە هەر منداڵمان نەبووایە."

بینیمان کە ڕازی بوون چەندە جوانە. یەکێکە لە کلیلەکانی بەختەوەری،بۆیە هەمیشە ڕەزامەندبن....

❊❊❊❊

## خستنەوەی منداڵ و بەڕەڵا کردنیان

هاوسەرانی ئازیز

تکایە گەر توانای پەروەردەکردنی منداڵاتان نیە، مەیخەنەوە...

ئەو منداڵانەی ئێستا تۆ دەیانخەیتەوە، هەر ئەوانەن کە دواتر دەبنە تاکێک لە کۆمەڵگە و کۆمەڵگەیەک پێکدەهێنن. وە هەروەها کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگەیەک، وڵاتێک، کیشوەرێک و بەڵکو هەموو جیهان دەبێت...

لەبەر حەزێک منداڵ مەخەوە.

لەبەر ئەوە منداڵ مەخەوە، نەوەک دواتر پێت بڵێن نەزۆک..!!

نەزۆک بیت؛ زۆر لەوە باشترە منداڵێک بخەیتەوە و، گەورەیی بکەیی بەبێ پەروەردە کردن. کە ببێ بە ژەهرێک بۆ کۆمەڵگە و جیهان..!!

ویستت منداڵێک بخەیتەوە، دەبێت سەرەتا بیر لەهەموو ئەو شتانە بکەیتەوە کە پەیوەستن بە ژیانی ئەو منداڵەوە. بۆ نموونە:پەروەردە کردنی،بژێوی ژیانی،دابینکردنی پێویستیەکانی ژیانی،کات تەرخان کردن بۆی،نازی بدەیت...هتد

هیوام وایە کە تێبگەن، منداڵ مەنەنەوە و پاشان بەڕەڵایی بکەن. دواتریش ببنە مایەیی دەرد و سەرئێشە؛ هەم لەبۆ خۆت و لەبۆ کۆمەڵگەش!

****

## بیرکردنەوەی کوڕی کورد

زۆربەی کوڕی کورد، دەیەوێ خوشک و دایک و پور و خزمەکانی هەمووی داپۆشراو و حیجاب بن. بەڵام کچان و ئافرەتی تر، هەموو ڕووت بن بۆ تێرکردنی حەزەکانی خۆی!

نا براکەم، ئەم بیرکردنەوەی تۆ ئەتەوێ تەنها خەیاڵێکی پلاوە!

خزم و کەسی تۆ، وەک و کچان و ئافرەتانی تر هەمان مرۆڤن. کەسیان جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەنێوانیان نیە...

یان هەنێکی تر هەن؛ خوشکیان لەماڵەوە بەند کردووە، یان ناهێڵن بچنە جێگەیەک. بەڵام خۆیان شەو ڕۆژ لە شوێنی بەد ڕەوشتی چاویان لە ئافرەت و کچی خەڵکیەوە. بەڵام کەسێک سەیری خزم و کەسوکاری خۆی بکات پێی ناخۆشە و تورە ئەبێت..!!

بازۆر دوور نەڕۆم. برادەرێکی خۆم هەر کچ و ئافرەتێک ببینی دەسەکا بە ئاخ هەڵکێشان، هەزار تالیقیان لێ ئەدات و خەیاڵیان پێوە ئەکات. بەڵام ڕۆژێک یەکێکی بێگانەمان لەگەڵ بوو، کە بێگانەکە خوشکی هاوڕێکەمی بینی هەندێ قسەی کرد. هاوڕێکەشم لێی تورە بوو و برێکی تێهەڵدا!

بەسە ئەم ڕەفتارانە!!

***

## دوو کرداری گرنگ

دوو کردار هەیە، دەبێت هەمیشە ئەنجانی دەیت. بۆ سەلماندنی مرۆڤ بوونت!

١_ ڕێزگرتن لە گەورەتر لە خۆت.

٢_ گوێ گرتن لە بچووکتر لە خۆت.

گەورەکان هەمیشە هەوڵدەدەن، بڕیارت بۆ دەربهێنن. بۆیە کاتێک بڕیاریان بۆ دەرکردی، دەبێت جوان لە بڕیارەکەیان بکوڵیەوە. وە هەروەها دەبێ لەوکاتە؛ بە عەقڵ بڕیار لەسەر بڕیارەکەی بدەی، نەک بە دڵ. وە کاتێک بڕیارەکەت بەلاوە پەسەند نەبوو، نابێت هەڵبچیت لێی و بە شێوەیەکی ناشرین ڕەفتار بکەی! بەڵکو بڕیارەکەی فەرامۆش بکە. بە شێوەیەک بێڕێزی تیادەرنەدات .

بچووکەکان هەمیشە قسەی دڵی خۆیانت بۆ دەکەن، بە دڵێکی پاکەوە. چونکە لە تەمەندا تۆ بە گەورەتر دادەنێن و، وادەزانن چارەسەر لای تۆیە. ئارەزوویان هەیە قسەکانیان بۆتۆ باسکەن! بۆیە تۆش هەمیشە گوێیان لێ بگرە، گەریش زانیت قسەکەی بێماناشە، ئەوا گاڵتەی پێ مەکە. بەڵکو تێیگەیەنە کە هەڵەیە یاخوود ئەبێ ئەو بیرورِا بگۆڕێت..

✻✻✻✻

## دادپەروەری ژیان

ئایە ژیان دادپەروەرە..؟

کە ئێواران پیاسە ئەکەم، لە شەقامەکانی شار. سەرنج دەدەم و  ئەبینم منداڵێک ٦-٧ عەلاگەی بەدەستە و، دەیفرۆشێت. ڕووخساری نا ئومێدی داپۆشیوە و بەئاواتەوەیە ئێستا

لەماڵەوە بوایە. لەگەڵ دایک و براو و خوشکانی میوەی بخواردبایە، یاخوود لەگەڵ منداڵانی کۆڵان کایەیی کردبایە!

بەڵام لە بازاڕە و، بژێوی ژیانی دایکە بەدبەختەکەیی و برا و خوشکە بێنازەکەی دابین دەکات. کاتێک کە هەزار دیناری پێ دەدرێ؛ لەپای فرۆشتنی عەلاگەکانی، بە جۆرێک دەگەشێتەوە وەک بڵێی مژدەی بەهەشتی پێدرابێ!

منالێکی تریش؛ لە یاریەکی بێمانا کە کاتیە و لێی بیزار دەبێ ٢٠٠ دۆلاری لێ خەرج دەکا..

کە شەوان دوای هاتنەوە لە ئیش، دەگەڕێمەوە ماڵەوە. دەبینم کرێکارێک کە ڕۆژ بەبەر ئەو خۆرە گەرمەوە بلۆکی بارکردووە و، ماندووی دەسی فرەڕێسی وەستا بووە. ئێساش چاوی لەدەست وەستایە، تاوەکو ٢٥ هەزاری باتێ و دوو کیلۆ تەماتە و کیلۆیەک بامێ بکرێ تا ژەمێک لەکۆڵ کاتەوە.

کەچی پیاوێکی تر؛ لە دیسکۆ بارەکان لە قومار و لەشفرۆش و مەیی هەزاران دۆلار بەبا دەدات..

ئا ئەمەیە نادادپەروەری ژیان..

****

## چۆن مامەڵە لەگەڵ ڕابردوودا بکەین

وەک ئاشکرایە؛ ڕابردوو بەشێکی گەورەی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە. وەهەروەها ڕابردووی هەر مرۆڤێک، کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر بیرکردنەوە و ژیانی کەسەکە. هەربۆیە پێویستە بزانین، کە چۆن مامەڵە و ڕەفتار لەگەڵ ڕابردووی خۆماندا بکەین!

ئێمە نابێت ڕابردوو بەتەواوی فەرامۆش بکەین. لەهەمان کاتیشدا پێیویستە لەنێویدا نەژین!

چونکە ئێمە، لە ڕابردوو گەلێ هەڵەمان ئەنجام داوە. وەپێویستە هەندێ جار لە دەرگای ڕابردوو بدەین و، سەرێکی لێبدەین. تاوەکو پەند و وانە لە کردەوە و هەڵەکانمان وەرگرین و، بۆ کاتی ئێستا و داهاتوو دووبارەیان نەکەینەوە. هەتاوەکو ژیانێکی باشتر و کەمتر لە هەڵە بەڕێبکەین. سوودێکمان بۆ چواردەوریش هەبێ، لەو هەڵەگەلەی کە ئەنجامدمان داون ئاگاداریان بکەینەوە، ئەوانیش بپارێزین لە ئەنجامدانی هەڵەیەک.

وەکو وتمانیش نابێت کە لە ڕابردوو بژین.

مۆرگان فریمەن، وتەیەکی زۆر جوانی هەیە کە دەڵێت: "چاوەڕێی سبەییەکی باشتر مەکە، لەکاتێکدا بیر لە دوێنی دەکەیتەوە".

تۆ گەر ڕابردووت پڕی بێت لە درەوشانەوە و ڕوناکی. یان پڕی بێت لە پەڵەی ڕەش و تاریکی. هێشتا هەر نابێت لە ڕابردوودا بژیت! چونکە ژین کردن و بەبەردەوام بیرکردنەوە لە ڕابردوو؛ وادەکات ئێستات لەدەست بچێت و، داهاتووشت بەتاڵ بکات!

وتەیەکی دیکەی ئینگلیزی هەیە دەبێژێ: " ڕابردوو لەمێشکتایە، بەڵام داهاتوو لەنێو دەستت"!

تۆ لە ڕابردوودا هەر هەڵسوکەوتێکت کردووە. هەر کارێک بە هەڵە و ڕاستەوە، بە باش و خراپەوە تەواو. تەواو ئیدی ئەوە بوو بە ڕابردوو.

ببینە هەرگیز جارێکی تر ئەم ٣٠ی مارسی ساڵی ٢٠٢٠ە، کە من ئەم نووسینەی تێدا دەنووسمەوە، هەرگیز دووبارە نابێتەوە! تەواو دەبێتە ڕابردوو..

گەر دەزانیت ڕابردووت خراپە، فەرموو ئێستا و داهاتووت باشبکە. ئەگەر دەزانیت ڕابردووت پەڵەیەکی ڕەشە، ئەوەتا هێشتا ژیان بەردەوامە ئێستا و داهاتوو درەوشاوە بکە! گەر دەزانیت ڕابردووت لە نەزانیدا بردوەتە سەر، کاتت لەبەردەستا ماوە، خۆت فێربکە و ببە بە زانا!

بەڵێ تۆ خاوەنی ڕابردوویەکیت، بەڵام چیتر تێیدا ناژیت!

تکایە! ئێستا و داهاتووت لەکیس مەدە. بە تووڕەبوون، دڵتەنگ بوون، خۆئازاردان، تەمەڵی، نەجووڵان و هەوڵنەدان.

بەڵێ تۆ مرۆڤی، خودا شکۆ و توانای پێت بەخشیوە! هەرگیز خۆت لاواز مەکە، هەمیشە بەبەهێزی بمێنەوە.

ژیانی خۆت بەفەوتاندا مەدە، بە ژین کردن لە ڕابردوو و خۆزگە خواستن!

لەبیرت بێت! تەنها کاتێک ئاوڕ لە ڕابردوودا بدەرەوە؛ کە دەزانی ئێستا و داهاتووت باشتر دەکا..

❊❊❊❊

## مرۆڤبوون

ئایی چەند خۆشە

سەرلەبەیانیەکی زوو، لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکی خۆردا. لە دوای خەوێکی خۆش و ئارام، لەگەڵ مێشکێکی ڕەوان و بێ ماندوو؛ هەستی لەخەو و نانی بەیانی ئامادەبکەیت. لەگەڵ خێزانەکەت نانی بەیانی بخۆیت. پاشان خۆت بگۆڕیت بە ڕێک و پێکی.

جلێکی جوان لەبەرکەیت و بۆنێکی خۆش لەخۆت بدەیت. پاشان، خواحافیزی لە خێزانەکەت بکەیت. دەگەیتە بەر دەرگا، دەرگا دەکەیتەوە و دەتەوێ بەڕێبکەوی. لەپڕ یەکێک لێت دەرکەوێت و خۆشیەکەت بکات بە دوو ئەوەندە و بڵێت :

ئەمرۆ سیاسەت، هیچ کەسێک بە کوشت نەدا.

بڵێت ئەمرۆ؛ هیچ کەسێک لە برسا نامرێت.

بڵێت ئەمڕۆ؛ هیچ منداڵێک لەسەر جادە ناخەوێت.

بڵێت ئەمڕۆ؛ هیچ عەشقێک بەهۆی پارە و عەشاریەوە لێک دانابڕێن.

بڵێت ئەمڕۆ؛ هەموو ڕای یەکیان قبوڵە، دیندار بێدینەکانیان خۆشەوێ مەسیحیەکان موسڵمانەکانیان خۆشەوێ. جوولەکەکان هیندۆسەکانیان خۆشەوێ و ...هتد

لەپاش ئەوە بڵێت ئیتر لەمەودا مرۆڤ بوون دەستپێدەکا ..

❊❊❊❊

## هەڵەکان دەبنە هۆی باشتربوونی ژیانمان

هەموومان لە ژیانی ڕۆژانەماندا، دووچاری هەڵەکردن ئەبینەوە. هەندێکجار هەڵەکانمان ورد و بچووکن. بڕێکجاریش زەق و گەورە. کە کاریگەری زۆری دەبێ، لەسەر ژیان و بیرکردنەوە و دەروونمان. ئەشێ فرەجار ئەو هەڵانەی کە دەیکەین، ببێتە هۆی خەمباربوونمان. ڕەشبین بوونمان دەربارەی ژیان. سەرزنشت کردنی خۆمان، تا سنوورێک کە زیان بە مێشک و دەروونمان بگات!

بەڵام هەموو ئەو خەمباربوون، دڵتەنگ بوون، ڕەشبین بوون و زیان گەیاندن بەخۆمان، دەربارەی ئەو هەڵە. سوودێکی ئەوتۆی نیە!

ئێمە پێویستە لە هەڵەکانەوە فێربین!

وتەیەک هەیە، زۆر پێی سەرسامم دەربارەی هەڵەکردن. کە دەڵێت: " بۆ ئەوەی سوود ببینیت لە هەڵەکانت؛ پێویستە دانی پێدا بنێیت، دووبارەی نەکەیتەوە، پەندی لێ وەرگریت".

بەڵێ، تۆ ئەبێت دان بنێیت بەو هەڵەیەی کە کردووتە. نەوەک چاوپۆشی لێبکەیت و، کەمتەرخەمی بکەیت. تاوەکو دواتر ئەنجامی بدەیتەوە و زیان بگەیەنیت!

وە هەروەها، دەبێ دووبارە هەمان هەڵە ئەنجام نەدەیتەوە! زۆرجاران دەبینین؛ کەسانێک هەمان هەڵە، دووبارە و سێ بارە و چواربارە ئەنجام دەدەنەوە! لە ڕاستیدا ئەمە خۆی لە خۆیدا شەرمەزاریە. ئاسایە، جارێک هەڵەیەکت ئەنجام دا. بەڵام هێڕێتیە دووبارەی کەیتەوە! بۆیە گەر دەتەوێ سوود لە هەڵەکانەوە ببینیت، پێویستە ئەنجامیان نەدەیتەوە..

گەر بتەوێ هەڵەکان ببێتە مامۆستا و وانەی لێیەوە فێربیت، دەبێت پەندیان لێ وەربگریت!

هەر وەک پێشینان وتوویانە: "لەهەر هەڵەیەک، وانەیەک".

لە سووڕی ژیانماندا؛ هەڵە دەکرێت و دەکەوینە هەڵەوە. بەڵام ئێمە نابێت لێگەڕێین کە هەروا بە ئاسانی، هەڵەکان بەسەرمانەوە تێپەڕن!

چونکی گەر ئاوهامان کرد؛ ئەوا لەپاڵ زیانەکەوە هیچ  قانجازێک ناکەین. گووتەیەکم هەیە، کە دەڵێم:

"گەمژایەتی ئەوە نیە هەڵە بکەی.

گێلێتی ئەوەیە پەند لە هەڵەکانەوە وەرنەگری"!

بڕێکجار کە هەڵەیەک دەکەین، یەکسەر پێمان ئێژن: "گەمژە، گێلە بۆ هەڵەت کرد".

تۆش گەر دەتەوێ هەر بەڕاستی گەمژە نەبی، ئەوە مەهێڵە ئەو هەڵە بەسەرتەوە بڕوا. بەڵکو پەندێکی لێ وەرگرە!

بەڵێ ئەزیز گیان، تەنانەت هەڵەکانیش سوودی خۆیان هەیە! بەڵێ، ئا بەمشێوەیە تۆ دەتوانی هەڵەکان بکەیت بە مامۆستایەک لەبۆ خۆت!

بەڵام ئەم قسانەش کە دەیکەم، مانای ئەوە ناگەیەنێت کە چیدی بەبێ گوێدان هەڵەبکەی! نەخێر تۆ پێویستە بە شێوەیەک بجووڵێیتەوە و ڕەفتارکەیت، کە کەمترین هەڵە ئەنجام بدەیت. بەڵام وەک وتمان جارووبار هەڵە هەر دەکرێ، بۆیە بەم شێوازانە مامەڵەی لەگەڵ کە. تاوەکو لەپاڵ زیانی هەڵەکەش، تۆ قانجازێک بکەیت!

هەمیشە هەوڵدە کە هەڵەکەیت کرد و ئەزموونت لێ وەرگرت. کەسانی تریش لەو هەڵەی خۆت ئاگادارکەرەوە، تاوەکو ئەوانیش دووچاری هەمان هەڵەی تۆ نەبنەوە. هەم تۆ چاکەکەیت دەگا، هەم ئەویش لە زیانێک دەگەڕێتەوە. کە لەوانەیە بەهۆی ئەو هەڵەوە؛ تەواوی ڕێچکەی ژیانی لە باشەوە بۆ خراپ  بگۆڕدرێ!

❊❊❊❊

## هەر خەم و جوانیە، سروش بەخش

جوانی و خەم؛

دوو هۆکاری سەرەکی سروشی مرۆڤەکانن! نووسەرەکان، هۆزانڤانەکان، چیرۆک نووسان، شاعیرەکان، پەخشان نووس و ڕۆژنامە نووسەکان؛ خەم و جوانیەکان، سەرچاوەی سەرەکی سروشی بابەت و نووسینەکانیانن..

بەهۆی بەرز و نزمی ژیان. گەلێ جاران بەهۆی بێوەفا و ناپاکی مرۆڤەکان، یاخوود هەڵسوکەوتی نابەجێ و نارەوای ئەوانەی دەوروبەر، گەلێک خەم دەدەن بە مرۆڤەکان. زۆر ڕووداوی سامناک؛ بەهۆی ئەو سەختییەی ڕۆژگارە هەیەتی، لە سوڕی ژیانی مرۆڤەکان ڕوودەدەن!

- نووسەرێک، خەمی دواکەوتووی کۆمەڵگەکەی تەنگی پێ هەڵچنیوە و، دەنووسێت بۆ هۆشیار کردنەوەیان!

- چیرۆک نووسێک لەژیانیدا، هەندێ ناپاکی و کرداری نامرۆڤانەی بەرامبەر کراوە. خەمەکەی تا ئەو چرکەی کە چیرۆکەکەی تێدا دەنووسێت؛

لە دڵدا هەڵگرتووە. دواتر دەیخاتە سەر کاغەز و لە زیندانی دڵی ئازادی دەکات!

- ڕۆژنامەنووسێک دەشێت، بە دیتنی ئەو هەموو کەڵەگا ئاسایانە و، ناڕەوایەتی دەسەلاتداران؛ ژیانی وەک گوژاڵک ئاسا لێ تاڵ کردبێت! بیەوێت خەم و قسانی ناخی بخاتە سەر پەڕەی ڕۆژنامەیەک و، هەڵیان ڕێژێت!

- شاعیرێک، دیمەنی سروشتی خاک و جوانی یاری شەیدای کردبێت! بەدڵنیاییەوە سەرچاوەی سروشەکانی هەر جوانیە! لەنێو هزریدا، ئەو جوانیە پەستانەکان زیاد دەکات.

تا ئەو کاتەی بە ناچاری خامە دەگرێتە دەست و، تابلۆی ئەو دیمەنە؛ بە نووسین دەنەخشێنێت!

ئای لە ئێوە جوانی و سروش..

❊❊❊❊

## ڕاگەیاندن و هۆشیاری تاک

ئاشکرایە کە بواری ڕاگەیاندن، ڕۆڵێکی گەورەی لە جیهانی ئێستادا هەیە. هەزاران خێزان، بژێوی ژیانیان لەڕێگەی بواری ڕاگەیاندنەوە دەسئەکەوێت!

شەپۆلی ڕاگەیاندن؛ بە زۆربەی کوچە و کۆڵانەکانی شار و، تەنانەت ماڵ بە ماڵی، وڵاتە پێشکەوتوو و دواکەوتووەکانیش گەشتووە!

ڕۆژانە باس و خواسەکانی جیهان، ڕەوشی وڵاتان، زۆربەی هەر زۆری هەواڵەکان لەهەموو بوارەکانەوە بە ئێمە دەگات. لە ڕێگەی؛ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و مشتومڕی خەڵکی!

ئەمە ئەوە دەردەخات؛ ڕاگەیاندن، کاریگەری لەسەر بەشێکی ژیانی ئێمەی تاک هەیە! وە هەروەها پەستانێکە بۆ دەروونمان.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن نها هێندە گەورەیە، کە دەتوانێت؛ گەورەت بۆ بچووک کاتەوە، نەختێکت بۆ بکاتە گەلێک. پاڵەوان بە شکست خواردوو نیشان بدات، کەوتووش بە پاڵەوان! دەتوانێت؛ تاوانبار بە بێ تاوان لە خامە بدات، بێ گوناهیش بە گوناهبار. چاکە بە خراپ دەستنیشان بکات، ناشرینیش بە جوان!

سا با نموونەیەک بهێنینەوە:

گرووپێکی چەکداری درووس بووە. ژمارەیان دوو هەزار چەکدارە. ئارەزوویان لە نانەوەی پشێوی و کرداری دڕندانە هەیە. دەسبەجێ شەش-حەوت ڕۆژنامە، چوار-پێنج کەناڵ و دەیان پەڕەی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان؛ ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە ئەکەن! بابەتەکە گەورەدەکەن، دەیانخەنە ژێر ناوێک-ئاینێک-بیروڕایەک. کە ئەسڵەن لەوانەشە خوودی ئەو چەکدرانە، ١٠ قلیان تێدا نەبێ سەر بەو بیروڕا و ئایینە بن! ئەسڵەن لەوانەشە، هەر لە ناوەڕۆکی ئەو ئایین و بیروڕایە تێنەگەشتبن! بەڵام ڕاگەیەندکارەکان بۆیان هەڵدەواسن..

یان نموونەیەکی تر:

خاوەنی پەڕەیەکم لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی، پەڕەکەم پیچەک بەناوبانگە. هەواڵێکم بۆ دێ کە چەن چەکدارێکی تیرۆرست، جموجۆڵیان لە سنوورێکی ئەم وڵاتە هەیە. منیش دەمەوێ چالاکی پەڕەکەم پتر کەم، هەربۆیە هەواڵەکە بڵاو دەکەمەوە. بەڵام چ بڵاوکردنەوەیەک!

گەورەی دەکەم و برێک ترش و خوێی پێدا ئەکەم. هەروەها هەنێک درۆشی دەخەینە سەر و دەڵێم: " هەر ئێستا، سەدان چەکدار لە فلان سنوور هێرشیان کردوەتە سەر وڵات پارێزان! دەنگۆی تێکشکانی سنوور هەیە و، هێزێکی زۆریش ڕۆشتووە"

ئیدی بەهۆی ئەمەوە بینەرێکی زۆر تەماشای دەکەن، لێدوانێکی یەکجار زۆری بۆدێت! ترس و دڵەڕاوکێ تەشەنە دەکات. خەڵکی هەڵەتە دەبێت، ئەو شەوە تا سبەی خەویان پێدا ناکەوێت. کەلوپەلیان کۆکردۆتەوە بۆ ئاوارەبوون! سەرەنجام هەواڵەکەش درۆ بووە..!!

ئەم پروپاگەندە گەلێک بڵاوبۆتەوە و، زیادیان کردووە لە جیهانی ڕاگەیاندنی ئێستادا!

هەربۆیە پێویستە و گرنگە، کە تاک بەرامبەر بەو فەرتەنە و هەراوهۆسای ڕاگەیاندن؛ بەنگ نەبێت،ساویلکەیی نەنوێنێت و بەدوای ڕاستی و ڕەوانی بابەتەکە بگەڕێت!

❊❊❊❊

## بێ هیوایی

بەهۆی سەختی گوزەران کردن، زۆری بەرز و نزمیەکانی ژیان؛ ئاسایی مرۆڤەکان ناوە ناوە تووشی بێ هیوایی دەبن. وەلێ ئەوە خۆمانین، کە ڕێژە بۆ ئەو هەستە دادەنێین! وە کورت خایەنی و درێژ خایەنی ماوەکەی دیاری ئەکەین. ئەشێ بەهۆی نەگەشتن بە ئامانجێک، تووشی ببین. یاخوود بەهۆی دژواری کارێکەوە، کە پێویستی بە هەوڵدانێکی فرەتر هەیە. گەر لێگەڕێین ئەو هەستە بەسەرماندا زاڵبێت، وە باڵبکێشێت بەسەر هەمی هەستەکانی دیکەدا؛ ئەوا کارەساتی لێ دەکەوێتەوە!

وا دەکات ڕێچکەی ژیانمان بەرەوپاش بڕوانێ. لەوانەشە خەزێنەیەکی پڕ لە زێر لەدەست بدەی، کە لە کۆتایی ڕێگاکە چاوەڕوانی ئەتۆ دەکات.

بۆیە پێویستە، ئێمە ڕێژەی ئەو بێ هیواییە پتر و پتر کەم بکەینەوە. تاوەکو کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبێت و، شوێنەوار جێنەهێڵێت. هەر بۆیە گەرەکە هەندێک کردە ئەنجام بدەین، کە ئەمانەن:

- ئارام بگرە!

ئارامگرتن؛ کلیلی سەرەکی سەرکەوتن و خۆشبەختیە!

دروسکەری گەردوون و خاوەنی هەموو بونەوەران، لە سورەتی البقرة لە ئایەتی ١٥٣ دەفەرموێ: (ان الله مع الصابرين) واتا: خودا یار و یاوەری خۆگر و ئارامگرانە.

وە پێویستیشە، لەگەڵ ئەم ئارامگرتنە؛ لە هەوڵ و کۆششی خۆت نەوەستی. بە ئومێدێکی یەکجار زۆرەوە بەردەوام بیت. تاوەکو بێ هیواییەکت ببەزێنی، ئەنجامەکان دڵخۆشکەر بن. هەروەک الله، لە سورەتی ال عمران لە ئایەتی ٢٠٠ دەفەرموێ: ( يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ )

واتا: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە خۆگربن و خۆڕاگریی و ئارامگریی و بەسەر خۆتاندا بهێنن، نەبەزن لە خۆگری مانەوەتان لە سەنگەردا، هەوڵ بدەن هەمیشە لە سەنگەری خەبات و کۆششدا بن، لە خوا بترسن و پارێزکاربن بۆ ئەوەی سەرفرازیی (هەمیشەیی) بەدەست بهێنن..

- بزانە کە لەدوای ناخۆشیەکان؛ خۆشیەکان دێن!

ئەمە بەڵێنی پەروەردگارە. کە لە سورەتی الشرح لە ئایەتی ٦ دەفەرموێ: (إِنَّ مَعَ الْعُسْرِ يُسْرًا )

واتا: بێگومان بە دڵنیاییەوە هاوڕێ، لەگەڵ تەنگانەدا خۆشی و ئاسوودەیی هەر دەبێت.

سروشتی ژیان بەخۆی وەهایە، پڕە لە خۆشی و ناخۆشی. ئاسوودەیی و نائاسوودەیی. شکست هێنان و بردنەوە. سەرکەوتن و کەوتن! ئێمە نابێ تەنها سەیری ئەو کاتە بکەین کە تێیداین. پێویستە دووربین بین، لە ڕوانینی ژیان و ساتەکاندا ! نابێ هەر کە لەناو خۆشیدا بووین؛ ئیدی گومڕا ببین وا بزانین هەتا هەتاییە و، ناخۆشیەکان لە پەرتووکی ژیانماندا سڕاوەتەوە!

لەهەمان کاتیشدا گەر تووشی ناخۆشیەکان هاتین؛ ژیان لەخۆمان تاڵ کەین، دەروونی خۆمان بە ئازار بتەنین! وا بزانین کە ئیتر؛ خۆشی ونبووە لە دیدەی چارەنووسمان!

– بیر لە ئەنجامی پاش ماندوبوون بکەرەوە!

بەدڵنانییەوە، کاتێ هەوڵ لەبۆ ئامانجێکت دەدەی؛ پێویستی ماندوبوونێکی زۆر بکێشیت. گەرەکە بڕێک قوربانی بۆ بدەیت! نەختێ جار، لەماوەی ئەو هەوڵدانە؛ بێ هیوایی چاوەڕوانی هەلێکە، تاوەکو دووپشک ئاسا پێتەوە بدات! لەو کاتەدا گرنگە، کە تۆ ڕەنجەکەت بەفیڕۆ نەدەیت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە؛ بیر لە ئەنجامەکانی دوای ڕەنجەکێشانەت بکەیتەوە! کە دەبینی ئامانجەکەت پێکاوە و شت گەلێکت بەدەست هێناوە، کە تۆ ماوەیەکی زۆرە، تامەزرۆیی ئەو دەسکەوتانە بوویت. بۆیە لەو کاتەدا؛ بیرکردنەوە ئەرێنیەکان لەخەو ڕادەچڵەکێن، کوتەدا بەسەر بێ هیوایەکەت دەکەن. دواتریش ئەنجامەکەی دەبینیتەوە..

هیوام وایە کەمترین بێ هیوایی بتانگرێتەوە.

❊❊❊❊

## ڕەگەزی بەرامبەر

خوشکی شیرین، برای ئەزیز!

دڵتەنگ مەبە، بەوەی کە هاوڕێیانت پێت دەڵێن: "ڕەگەزی بەرامبەر نزیکت ناکەونەوە".

بەڵێ! تۆ ناتەوێ وەکو ئەوانی دی، یاری بەهەستەکانی مرۆڤێک بکەی.

تۆ تاقەتی بەساقەو و بە قوربانی سەر زبانت نیە، کاتێک دڵی لەگەڵدا نیە.

تۆ ناچیتە ژێر ڕکێفی ئارەزووەکانتەوە، نابیتە کۆیلەیەکی ژێردەستە!

تۆ بەرزی دەروونت؛ ڕێگە نادات ڕابوێریت و بێ شەرم بیت، بەرامبەر بە ڕەگەزی بەرامبەر!

تۆ بڵندی ئاستی ئیمانت؛ نایەڵێت چاوت لە شەرەفی ئەم و ئەوت بێت. ئازادت ناکات لەوەی خەریکی پێشیلی بیت!

نەخێر تۆ کەمیت نیە! تۆ لە زۆربەی هەرە زۆری سەربەرز تریت..

✻✻✻✻

## کەس نایەوێ بە ماستی خۆی بڵێ ترش

"کەس بە ماستی خۆی نالێ ترشە" یان "کەس نایەوێ بە ماستەکەی خۆی بڵێ ترش"!

دەمارگیری، سۆزداری، ڕک و کین: زیادەڕۆی کردن لەم سێ هەستە، بەڵگەیەکی تەواو بەهێزە، بۆ پشتڕاسکردنەوەی ئەو پەندی پێشینانە!

نموونە:

- پرسیار لەهەرکەسێ ئەکەی، ئێژێ: "لە دڵپاکی و ساویلکەی خۆم بووە؛ کە وایان بەسەردا هێناوم"

ئێستاش نەمازانی کوان دڵپیس و خراپەکارەکان!

که ئەمان دەڵێن: "وایان بەسەردا هێناوین"، کەواتە کەسێک ئەنجامدەر بووە. ئێ هەر لەو ئەنجامدەرەش بپرسە، دەبێژێ: " لە دڵپاکی و ساویلکەیی خۆمەوە، وایان بەسەردا هێناون". کەواتە دڵنیا بووینەوە، کە بەهۆی دڵپاکیمانەوە؛ خراپە بەسەریەکیدا ئەهێنین!

- مشتوومڕێک درووس ئەبێت. ئەم دەڵێت: " بەخوا من ڕاستم و تۆ هەڵەی" ئەوی تریش پێداگری ئەکات و ئێژێ: " نەوەڵا من ڕاستم و تۆ هەڵەی"! ئەم مشتوومڕە بەم دوو قسەیە، تاوەکو سنوورێک دەکێشیت. دواتر دەیبڕننەوە، نە گەشتنە ئەنجام. نەیەکێکیشیان وتی: " بەخوا ماستی من ترشە". سەرەڕای ئەوەش؛ کینیان بەرامبەر یەکدی زیادی کردووە..

برای ئەزیزم، خوشکی جوانم.

زۆر ئاسایە، دەی جارێک دان بەهەڵە و هەڵەتێگەشتنت بنێی. قەیچێکا، با جارێک ماستەکەی تۆ ترش بێت! بەڵام بۆ جارێکی تر با ماستەکە وانەبێ.

با هێندە سۆزداری، ڕک و کین، دەمارگیری؛ چاوەکانمان نابینا نەکات. گوێیەکانمان کەڕ نەکات. با هێندە ئەو هەستانە، وامان لێنەکات لە ڕاستیەکان هەڵبێین! ئەوەنە کاریگەری لەسەرمان نەبێت، هەنگاوەکانمان بەلای ڕاستی و درووستیدا یاخی ببێ!

بیرکردنەوەکانت زیاتر بکە، بەدوای ڕاستی و ڕەوانیەکانی بابەتەکان بگەڕێ! لە قسەکانی بەرامبەر تێڕابمێنێ، گوێیان لەبۆ ڕادێرە. نەک ڕاستەوخۆ دژایەتی بکەیت و، پێداگری بکەیت. کە لەوانەشە ئەو ڕاست بێت و تۆ هەڵە! پەلە مەکە. وەک وتوویانە: " شەیتان پەلەی کرد، چاوی خۆی دەرکرد"! تۆش هێمن بە و لیکۆڵینەوەیەک بکە! هەم ئاسایشت زیاتر دەکات، هەم دیش مێشکت فراوانتر دەبێت و دەتپارێزێ..

❊❊❊❊

## جیاوازی بیروڕای تاکەکان

مرۆڤانێکی زۆر زۆر لە جیهانەدا ئەژین. هەریەک لەم تاکانە، توانای بیرکردنەوەیان هەیە. هەروەها خاوەنی بیروڕای تایبەتی خۆیانن. هیچ تاکێک، ڕێکاوڕێک بیروڕای وەک تاکێکی تر نیە! بۆیە فرە فرە لات ئاسای بیّ؛ کاتێک بیروڕا (بەلای تۆوە)سەیر و سەمەرەکان ئەبینیت! زۆر پێویستە لای تۆ ئەوە درکابێت، کە بیروڕاکان جۆراوجۆرن! وە گرنگە ڕێزگرتن لێیان؛ لەسەرووی هەموو شتێکەوە داتنابێت!

هەر وەک خوان پابلۆ گالاڤێس ئێژێت: "کەسە جیاوازەکان، خاوەنی بیرکردنەوەی جیاوازن. ئەمە زۆر باشە، بۆ ئەوەی ڕێز لەهەموو ئەوانە بگرین".

نابێت کە کەسی بەرامبەرت، لە بابەتێک بیروڕای وەک تۆ نەبوو؛ ڕاستەوخۆ دژی بووەستیتەوە. وە هەروەها زل و وردە بیروڕاکانی تریشی، کە ڕەنگە لەگەڵ ئەوانەی تۆ دابن، گشتی لێکدانی هیچ بکەیت! ئەمە چیە کابرا لە بابەتێک، بیروڕای لەتەک تۆ دا نەبووە..

ئەشیّ لەو بابەتەدا؛ هەم تۆ هەڵەبیت، هەمیش ئەو. یاخوود تۆ ڕاست بیت، ئەو هەڵە. یان تۆ هەڵە، ئەو ڕاست.

نموونەیەک دەهێنمەوە:

دوو گەنج بەیەکەوەن، هەردوویان هەمان ترۆمبێلیان پێیە. هی یەکێکیان ڕەنگی سپیە، هی ئەوی تریانیش ڕەش. خاوەن ئۆتۆمبێلە ڕەشەکە دەڵێت: "بەخوا ڕەنگی ڕەش ناوازەیە، لەبەر فلان هۆکار و فلان هۆکار".

کابرای خاوەن ئۆتۆمبێل سپی، پێی چاک نیە ئەو زاڵبێت بەسەر ئەمدا، دەبێژیّ: " نا بەخوا هەڵەی گوڵم، سپی باشترە. لەبەر فلان و فلان هۆکار.

ئیدی ئەم وتووێژە بەردەوام دەبیّ، دوای ئەوە خوا ئەزانێت چی ڕووئەدا..

خۆی لە خۆیدا، جیایی نیە هەر کامیان باشتر بێت. ئەوان بیر لەوە ناکەنەوە: سوپاس بۆ خوا، خاوەنی ماشینی خۆیانن و کاریان بۆ ئاسان دەکات! کەچی خەریکی وتووێژی بێ مانان.

لەم گفتوگۆیانە و هی تریش، تۆ ئەوەی لەسەرتە لە سنووری مرۆڤبوونت دەرنەچی!

چونکە، هەریەکەو لە دیدی خۆیی و خوێندنەوەی خۆی سەبارەت بە بابەتەکە، بیروڕاکەی دەئافرێنێت!

جیاوازی بیروڕاکان، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە؛ کە تاکەکان بە هەمان شێواز بیریان لەو بابەتە نەکردۆتەوە.

پێش ماوەیەک، وتەیەکی زۆر جوانم خوێندنەوە کە دەڵێت: "تەنها لەبەرەوەی تۆ ڕاستی، مانای ئەوە نیە من هەڵەبم. بەڵکو ژ بەر ئەوەیە تۆ بە شێوازەکەی من، لێت نەڕوانیوە"!

- تۆ چۆن بیر لە ئەوان ئەکەیتەوە، ئەوانیش ئاوهایی بیر لە تۆ ئەکەنەوە!

کە تۆ مشتوومڕ لەتەک کەسێکدا دەکەی، بیرکردنەوەی وەک تۆ نیە. گەر زۆر ڕێزی بگری، لە ڕووبەڕو نا بەڵام لە هزری خۆتدا؛ بە کەسێکی کاڵفام، بەنگ و ناهۆشیار لێکی دەچوێنی! کەسی بەرامبەریش بەهەمان شێوە، تۆ بە تاکێکی بێ ئاگا لە ژیان و گەوج لە مێشکی خۆیدا، دەئافرێنێت..

هەر وەک چۆن پەیڕەوانی بیروباوەڕێک، پێیان وایە ئەوانی تر هەڵەن. بەپێچەوانەوە بۆ ئەوانیش، لە دیدی خۆیانەوە.

هاوڕێی هێژا، کاتێکیش لەگەڵ یەکێکدا کەوتنە گفتوگۆ، کە بیرکردنەوەتان جیاوازە. تکایە کۆنترۆڵی دەروونت بکە! هێدی هێدی زانیاریەکانتان بگۆڕنەوە، وە پەستانی مەخەرە سەر. ئازادی تەواو پێ ببەخشە، تاوەکو دواتر کاتێ تەرخان بکات بۆ بیرکردنەوە لێی.

وە دوورببە لە ئامراز و دەستەواژەی ناشرین بەکارهێنان، لە بەرامبەری. چونکە دڵنیابە، بیرکردنەوەی سەبارەت بە بیرورایەکەت؛ شلۆق تر دەبێت نەوەک باشتر. لەوانەشە تا ئاستێک بڕوات نەفرەتی تێبکات!

****

## مەرج نیە هەموو حەزەکان، ڕاست و باش بن

مەرج نیە هەموو حەزەکان، ڕاست و باش بن.

– ئەوە حەز کردنە: شەو و ڕۆژ لە ڕابواردندا بیت. خواردنەوە بێ هۆشکەرەکان بخۆیتەوە. لەگەڵ کچ و کوڕی ئەم و ئەودا، هەمیشە لە پەیوەندی نابەجێیدا بیت.

– ئەوە حەز کردنە: مافی کەسانی تر بخۆیت. کەی ویستت، سوکایەتی و گاڵتەیان پێ بکەی بۆ کات بەسەر بردن! گوێ نەدەیت کە ئەوانیش هەستان هەیە، بریندار ئەبن، زیانیان بەر ئەکەوێت!

– ئەوە حەز کردنە: نەخوێنیت و بێ کاریش بیت! هەوڵنەدەیت و، هەر خەریکی خەو و خواردن بیت. هەمیشە خزمەت بکرێیت و، خەریکی فەرمان دەرکردن بیت.

– ئەوە حەز کردنە: لەسەر سفرە و خوان دانیشیت، تێر تێر لە گۆشتی سوور، خواردنەوە گازیەکان و شیرینیە جۆراوجۆرەکان بخۆیت! بەڵام دواتر قەڵەوت دەکات و، تووشی چەنەها نەخۆشی دەبیت!

ئەوە حەز کردنە: دەمانچەیەک بە کەمەرەتەوە بێت، کەی ویستت هەبوو تەقەیەکی پێ بکەی. تاتۆیەکیش لەسەر ملت بنەخشێنی! دوو پاکەتی جگەرەش لە گیرفانت بێ، کەی دڵت ویستی بیکێشیت!

- ئەوە حەز کردنە: بۆ گەرم کردنی دەمەتەقێ و دانیشتن؛ نهێنیەکانی کەسانی تر ئاشکرا بکەی. باسی کەم و کوڕی فلان و فلان بکەی. درۆ بە نێوی مرۆڤێکی بێ ئاگا لە کردەی بکەی! بوختان بە ئادەمیزادێکی بە شەرم و ئابڕوو دروس بکەیت.

بەڵام هەڤاڵی ئارەزووباز:

حەزەکان، مەرج نیە ڕاست و باشبن! کۆمەڵێ حەزمان هەیە، سوود بەخش و ڕاستن. کۆمەڵێکیش هەن، خراپ و زیان بەخشن! تۆ پێویستە زاڵبیت بەسەریاندا.

ئازایەتی نیە و ئەوپەڕی لاوازیشە؛ کاتێ هەر شتێک ئارەزووت لێبوو، بەبێ بیرکردنەوەی لێی. کە بزانی ئایە زیان بەخشە، گەر ئەنجامی بدەی؟ جا ئەگەر بۆ خۆت زیانی هەبێ یان دەوروبەر! بەهێز و مەردایەتی ئەوەیە؛ کاتێک حەزێک خۆی خزاندە نێو دڵتەوە، بیرێکی لێ بکەیتەوە و بڵێی: " ئایە گەر ئەمە ئەنجام بدەم، زیانی هەیە"؟ پاشان کە بۆت دەرکەوت زیانی هەیە، لەو کاتەیا بەسەر خۆتدا زاڵببیت و ئەنجامی نەدەی! لە پێناو خودا و مرۆڤبوونت..

ئەو تێگەشتنە بەرامبەر ژیان، کە وا دەزانن ئەوەی بەدڵدا هات بکرێ. حەز و ئارەزوو بەتاڵ کردنەوە، بە کردارە نابەجێی و ناڕاستەکان. ئەو پەڕی کاڵفامییە لە ئاست تێگەشتنی ژین کردن! تکایە کەسایەتیەک مەبە، کارت تەنها خەرج کردنی ئۆکسجین بێ. مرۆڤێک بە، شایەنی ئەو ئۆکسجینە بیت کە پێت بەخشراوە..

❊❊❊❊

## گۆشەگیری، هۆکار و چارەسەری

لێرە و لەوێ دەبینین گەنجان و هەرزەکاران، بەرە بەرە هەستی گۆشەگیری باڵدەکێشیت بەسەر هەستەکانی تریاندا. وە هەروەها وا دەکات بەتەواوی گۆشەگیریان بکات و، لە کۆمەڵگە و تێکەڵبوون دووریان بخاتەوە..

گۆشەگیری زیان بەر دەروونی مرۆڤ دەگەینێت! وە هەروەها لە ئیسلامیشدا، بە هەستێکی باش ناو نەبراوە، بە پێچەوانەوە تێکەڵبوون بە چاکی ئاماژەی پێ دراوە. وەک پێغەمبەر محمد دروودی خوای لەسەر بێت، دەفەرموێت: " ئەو بڕوادارەی کە تێکەڵی خەڵکی دەبێت و، ئارام دەگرێت لەسەر نارەحەتیەکان. پاداشتی پترترە، لەو ئیماندارەی کە تێکەڵی خەڵک نابێت و ئارام ناگرێت؛ بەرامبەر نارحەتیەکان".

هەروەها زاناکانیش لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکانیان؛ دەریان خستووە گۆشەگیری زیانی هەیە بۆ سەر دەروون و بیرکردنەوەی مرۆڤ. وا دەکات مرۆڤ تووشی نەمانی وزە بێت، لە گورج و گۆڵیشی دەخات.

بەپێی هەنێک توێژینەوەی دەروناسەکان؛

گۆشەگیری لە دوای تەمەنی ٢ساڵی و ١٣، ڕوودەکەنە مرۆڤەکان بەزۆری. چون ئەو تەمەنە کاتی گۆڕانکاری جەستەیی و دەروونیە، تەمەنێکی هەستیارە و چوونە نێو قۆناغێکی نوێیە! هەر بۆیە هەستی مرۆڤەکانیش بەرامبەر بە کردەکانی دەوروبەر کە بەرامبەری دەکرێت، یان دەیبینێت. ئەشێ پێی هەستیار بێت و ببێتە هۆی گۆشەگیر کردنی..

با ئێستاش، بڕێک لە هۆیەکانی گۆشەگیری بخەینە ڕوو:

١_ بەهۆی دایک و باوک یان خێزانەوە.

کە ئەمیش دوو جۆرە:

- بەهۆی سەرزەنشت کردنی بەردەوامی، کاتێک کردەیەک ئەنجام دەدات. یاخوود بەتاڵ کردنەوەی توڕەیی بەسەر منداڵەکەتدا.

– بەهۆی زۆر نازدان لەلایەن دایبابەوە؛ کە ناهێڵن منداڵ زۆر تێکەڵ بێت، بە هەمیشەیی ڕێگری دەکەن لەوەی کرداری منداڵانە ئەنجام بدات! ناهێڵن لەڕووی دەروونیەوە تێر ببێت..

٢_ بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بە زۆری.

کە ئەم کردارە؛ وا دەکات مرۆڤ لە جیهانی ڕاستی دووربکەوێتەوە، تێکەڵی ژیانی نێت بێت! بەهۆی زۆری چالاکیەکان و سەرقاڵیەکان لەنێو سۆشیال میدیا؛ کەسەکە تاقەت و کاتی نامێنێت بۆ ژیانە ڕاستیەکەی!

٣_ دیتنی کارێکی نابەجێ لە کەسێکی ئازیزیەوە.

ئەم خاڵە؛ گەلێک کاریگەر و هەستیارە بۆ مرۆڤەکە.

بۆ نموونە کاتێک هاوڕێیەکی زۆر زۆر خۆشەویستی، بێ وەفایی بەرامبەر دەکات. یانی کەسێکی ئازیزی، ناپاکی بەرامبەر ئەنجام ئەدات. بەو جۆرەش خەڵکی و تێکەڵبوونی لە بەرچاوی قێزەون ئەبێ، پەنا ئەباتە بەر گۆشەگیری.

بەڵام تۆ نابێت ئەوەندە لاواز بیت، بهێڵیت ئاوها بە ئاسانی گۆشەگیری بتبەزێنێت! وە پێویستە بەهێز بیت تاوەکو بەرەنگاری ببیتەوە. هەر وەک ئینگلیز ئەڵێ:

" بزانە، ئازارەکە تێپەڕبوو. ئێسا کاتی ئەوەیە بەهێزی بنوێنی"

ئێستا ئێمە نەختێ چارەسەر دادەنێین، تا لەگەڵ بەهێزیەکەت ڕزگارت بێت لێی و بەرەنگاری بیتەوە.

١_ تێکەڵبوون.

بەڵام پێویستە ئەم تێکەڵ بوونە؛ هێدی هێدی ئەنجام بدەی. سەرەتا لە خێزانەکەتەوە دەسپێکە. بۆ ژەمەکان لەگەڵیان کراوە بەو، قسەی خۆشیان لەگەڵ کە. ڕۆژانە کاتێک دابنێ؛ لەگەڵیان دانیشە شتێ بخۆن و دەمەتەقێی و گفتوگۆ بکەن. پاشان بزان کێ دەناسی، ڕۆژانە پیاسەی لەگەڵدا بکە و سەردانی ئەو جێیانە بکە، کە دڵت پێیان دەکرێتەوە.

٢_ ئەنجامدانی چالاکیەکان.

بۆ نموونە:

تۆ موسڵمانی لە ڕۆژێکدا ٥ نوێژی فەرزت هەیە، تۆ ئەو ٥ فەرزە لە مزگەوت بیکە. دواتر هەوڵدە لەگەڵ کەسێکی باشی مزگەوتەکە دەسبکەی بە گفتوگۆ، لەهەر بارەیەکەوە بێت.

یاخوود هەوڵدە وەرزش ئەنجام بدە لەگەڵ هاوڕێیان، بە گرووپ. بۆ نموونە تۆپێن بێت، شاخەوانی و ڕاکردن.

یان دەتوانن خولێک بکەنەوە، هی زمان بێت یان هی هەر شتێکی دی. وە دەتوانی جاروبار؛ هەوایەک بگۆڕیت و سەیرانێک بکەیت.

٣_ لەو شتانە بە دووربە کە مەیلت بەرەو گۆشەگیری دەبەن.

ئەشێ مرۆڤ بە دیتنی هەندێک جێگە، زامێکی بکولێتەوە و مەیلی بەرەو گۆشەگیری بڕوات و خەم دایگرێ. یان لەوانەیە بە گوێگرتن لە هەندێ گۆرانی وەهای لێبێت. بۆیە گرنگە؛ کەسی گۆشەگیر لەوانە بە دوور بێت. یاخوود ئەوانەی دەزانن خەریکە هەستی گۆشەگیری، باڵ دەکێشیت بەسەریاندا لەو کردانە خۆی بەدوور بگرێت..

❊❊❊❊

## خۆت بەراوردی کەسانی دیکە مەکە

" خۆت بەراورد مەکە، بەهیچ کەسێک لەم جیهانە. کاتێک تۆ خۆتت بەراورد کرد بەیەکێکی تر، بێ ڕێزیە بەرامبەر خۆت".

- بیڵ گەیتس.

یەکێک لەهەر دیارترین کێشەکانی گەنجی ئێستا، بەراورد کردنێتی بە خەڵکانی دی!

ئەم خۆ بەراورد کردنە، وا دەکات تووشی بێ هیوایی بیت. چون کاتێک دەبینیت؛ یەکێک ئێستا لە پێگەیەکی فرە گەورەس، تۆش هێشتاکانێ لەجێی خۆتیت! ئەم بەراورد کردنەش هیچ ڕەوشەکە باش ناکات، بەڵکو خراپتریشی دەکات! هەر وەک وڵ سمیث ئێژێت: " خۆت بەراوردی کەسانی دیکە مەکە. کاتێک ئەوەت ئەنجام دا، دەسپێکی لەناوچوونی باوەڕبەخۆبوونتە"!

هەر تاکێکمان، خاوەنی ژیانێکی تایبەتین.

ئەشێ هەندێک شت بەسەر تۆدا هاتبێ، بەسەر ئەودا نەهاتبێت. کۆمەڵێک هەل بۆ ئەو ڕەخسا بێت، جارێ بۆ تۆ نەڕەخسا بێت! لەوانەیە ئەو ژینگەکەی؛ ژیانێکی بۆ سازان دبێت. ژینگەکەی تۆش ژیانێکی تر! بۆیە گەمژەییە خۆ بەراورد کردن بەکەسانی تر.

پێش ماوەیەک، هاوڕێیەک نامەی بۆم نارد. وتی: " بەڕاستی من بێزاربووم. ناتوانم بخوێنم!

کاتێک ئەبینم هەنێک لە هاوپۆلەکانم؛ نمرەیان زۆر زۆر بەرزە و پترتر لە من دەخوێنن، خۆمم لەبەرچاو دەکەوێت. ناتوانم هەوڵی خۆم بدەم".

بەندەش ئاوهایی وەڵامی دایەوە: " تەماشا بکە هاوڕێی ئەزیز. بەخۆ بەراورد کردن بەوان؛ جگە لە زیان، سوودێک بەخۆت ناگەیەنیت!

تۆ دەتوانی چاو لەوان بکەیت و هەوڵدانت زیاتر بکەی. وەلێ فرە هەڵەیە کە خۆتیان بەروارد بکەی! تۆ لەباتی ئەوەی خۆت بەراوردی ئەوان بکەی، خۆت بەراوردی خۆت بکە! بەڵێ خۆت بەراوردی خۆت بکە. ئەوە باشترین کارێکە کە ئەنجامی بدەیت".

بەڵێ ئەزیزان، خۆ بەراورد کردن بە خۆت، کردەیەکی زۆر زۆر مەزنە گەر ئەنجامی بەیت!

وا دەکات خۆت باشتر بکەیت. وا دەکات هەڵەکانت بناسیتەوە! وا دەکات ئەو ڕێچکەی گرتووتە بەر هەڵیسەنگێنیت. وا دەکات بەها بۆ ئەنجامەکانت دابنێیت!

جودا لەوەش، ئومێد و هیوایەکی زۆر زۆرت پێ دەبەخشێت. جا کاتێک کە بەرەو باشتر و باشترین دەتبات، دڵخۆشیش سەر تا پا دەتگرێتەوە!

خۆ بەراورد کردن بە کەسانی تر، خۆزگە خواستنی لێ دەبێتەوە! خۆزگە خواستنیش بەنگت دەکا، کاتەکانت بەهەدەر دەبا، متمانە بەخۆ بوونت کەم دەکات و لاوازت دەکات.

هەر بۆیە خۆزگە خواستن، کرداری لاوازەکانە!

❊❊❊❊

## قسەی خەڵک

ئەوەی کێشەی بۆ زۆرینەی ئێستای دەروونی تاک درووس کردووە، قسەی خەڵک و خۆ هەڵقورتاندنە!

ئەم ڕەفتارە، لە ڕۆژهەلات و بەتایبەت کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، وەکو کلتور و ڕۆتینی ڕۆژانەی لێ هاتووە! هەمیشە بەدوای خەڵکیەوەیە، دەیەوێ قسەیەکی لە ڕووبکا لە کارێک ساردی کاتەوە. سووکایەتی پێبکات، بیشکێنێت، خۆی بخزێنێتە نێو کارە تایبەتیەکانیەوە و ئیشەکانی لێ بشێوێنێ!

زۆر گەنج و هەرزەکار، بە هەمیشەی دێن لەگەڵم ئەدوێن. قسەی زۆرینەیان ئەمەیە: " کاک ڕەوا، بەڕاستی قسەی خەڵکی و خۆ هەڵقورتاندنیان لە کارەکانمان؛ ژیانی لێ تاڵ کردووین. بە هەمیشەیی لەنێو نارێکی و پەستانێکی تاقەت پڕوکێنی دەروونیداین"!

ئامۆژگاری منیش بۆ ئەوان ئەمە بووە:

" هاوڕێ گیان، ئەشێ تۆ گەلێ بێزاربیت لە چەنە چەنەکانی دەورووبەر. لەوانەیە بە قسەکانیان؛ بێزارت کەن، بتشکێننەوە، ڕێگریت کەن و بەندت کەن! تۆ گوێ لە قسەکانی ئەوان بگرە، بزانە ڕووناکین بۆت یاخوو تاریکین! گەر ڕووناکی بوون و زانیت ڕاستیەکان ئێژن؛ ئەوا هەر فرە چاکە و پەیڕەویان کە. بیکە بە هاندەر و ڕێگەیەک بۆ باشتربوونت.

وەلێ گەر تاریکیان وەشاند؛ ئەوا هەر لەوێ جێی بهێڵە! قسەکانیان بەسەر خۆتدا مەهێنە.

چون کاتێ قسەکەت بەسەر خۆتدا هێنا، لەوێوە کارەساتەکە دەسپێئەکات! لەو ساتەوە؛ لۆمە کردنی خۆت، پەستانە دەروونیەکان، بیرکردنەوە تاریک داهێنەرەکان و کردە لاوازکەرەکان دەسپێئەکەن!

کە ئەوانەش دەبنە هۆی؛ دواکەوتنت لە کێبڕکێ ماراسۆن ئاساکەی ژیان! ئازاردان و ئەشکەنجەدانی دەروونت"!

کە دەڵێم بەسەر خۆتاندا مەیهێنمەوە، مەبەستم لەمەیە:

دەستت بەتاڵە و دەتهەوێت ئاوازێک بخوێنیت. ئارەزووت لەوە هەیە؛ گۆرانیەک بچڕیت.

دەسی دەکەیتە وتنی گۆرانیەکە و لەگەڵ وشەکان تێکەڵدەبیت. لەناکاو بێزارکەرێک دەردەکەوێت و ئێژێت:" پفف لەو دەنگ و ئەدایە، توخوا بێدەنگە بە سەرمانت برد".

گەر تۆ لەو کاتەدا، لەگەڵ دەرهاویشتنی وشەکانی؛ ئەو ساتەت لە گۆڕنا، ئەوا کارێکی مەزنت کردووە! خۆت لەزۆر کێشە و پەستانی دەروونی ڕزگار کردووە.

وەلێ گەر ئەو قسانەی، چەشنی جادووی ڕەش وەربگریت و بەسەر خۆتیدا بهێنیتەوە؛بەدبەخت ئەبیت!

ئیدی بۆ هەتا هەتایە، دەنگت لەپێش گوێ دەکەوێت!

گەر گۆرانیەک بچڕیت، خۆشتر لە زەکەریا عەبدوڵاش، هەر بەدڵت نابێت. گەر جوڵەی دەنگ، باشتر لە عەدنان کەریم دەربڕێت، هەر لێی ڕازیت نیت!

چون تۆ ئەو بیرکردنەوەیت خستۆتەوە مێشکتەوە، کە دەنگت ناخۆشە و وەک گۆرانی تێکدەرێک دەردەکەویت.

هەر بۆیە هاوڕێی ئەزیز، قسە جادوو ڕەش ئاساکان هەر دەکرێن. دەمی هیچ کەس داناخرێت. بۆ ئەوەی تۆ پێیان نەڕوخێیت و بەرەو باشتربوون هەنگاو بنێی؛ هەر ئەو ساتەی ئەو قسەکە دەردەبرێ، تۆ بیخە چاڵێکەوە لەوێ جێی بهێڵە! من باوەڕم بە تۆ هەیە، تۆ ئەتوانیت!

❊❊❊❊

لەکۆتاییدا زۆر سوپاسی خودا ئەکەم، کە ئەم وزە و بەهرەی پێم بەخشیوە. وە دواتر ستایشی خۆم ئەکەم، چون هەوڵم داوە بەرەوپێشەوەی بدەم و، لە ڕێگەیەوە سوودێک ببەخشم. سوپاسگوزاری هەموو ئەوانە ئەکەم، کە بەیەک وشەش بێت پشتگتریان کردووم. خانەوادەکەم و هاوڕێ و مامۆستایانم.
ئەوەی کە دەمەوێت، ئارەزوو ئەکەم ئاماژە بە چەند ناوێک بدەم، کە هەمیشە پشتگیری منیان کردووە!
لەم کۆکراوەش گەلێ یارمەتیان داوم، بوونەتە هۆی بەردەوامیم.
زۆر سوپاس;
عەلی سەلام، ئەحمەد نەوزاد، محمد عوسمان، بڵند ساڵح، ئەحمەد حەسەن، عمر دەلۆ، دەشتی عمر،
محمد دێڤ، چێنەر سەعید
تا ماوم خۆم بە قەرزارباری ئەم ناوانە ئەزانم.
زۆر سوپاس..